## مەنسووری حامیدی:

# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڤارو ڕۆژنامەکان ئاوڕ لە بەشی ئەدەبی نادەنەوەو ئیش لە سەر کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن



**مەنسووری** حامیدی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مهاباد، سەبارەت تێکستی ئەدەبی و فەرهەنگی لە ناوچەی موکریان بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی بۆ(کۆوار)دوا، ئەو وای بۆدەچێ، کە بزوتنەوەی ئەدەبی لەو دەڤەرە دوو قۆناغی تێپەڕاندووە، بەشێکی لە دوای کۆماری کوردستان دێت و بەشێکیشی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە چەند پرسیارێکمان ڕووبەڕووی حامیدی کردەوە.

**کۆوار**

*دەکرێ باس لە بزوتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی مهاباد بکەی؟ ئاخۆ ئاستی تێکستی ئەدەبی لەم شارە لە چ قۆناغێکدا گەرموگوڕی بەخۆوە بینییوە؟

_ دەکرێ قۆناغەکانی پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دواتریش دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە دوو قۆناغی دیاری ئەم بزوتنەوەیە ببینین، هەرچەند دوای کۆماری کوردستان زۆربەی نووسەر وشاعیرەکان بە هۆی نەبوونی دەرفەتی کارکردن روویان کردە هەندەران، یان بەشێوەی نهێنی کاریان دەکرد، هەندێکیان وازیان هێنا وهەندێکیان بەردەوام بوون، شاعیران و نووسەرانێکی وەکو مامۆستا حەقیقی سەید کامل و خاڵە مین بەرزنجی و سوارەی ئێلخانی زادەو عەلی حوسێن بانی .. هتد کاریان دەکرد، بەلاّم وەك دەستەیەك کە ئازاد بن و بتوانن دەستەیەکی فەرهەنگی– ئەدەبی پێك بێنن ئەو کارە نەدەکرا، بەلاّم دوای شۆڕش دەرفەتێك رەخسا، هەندێك لە لاوەکان لە دەوری مامۆستا هێمنی موکریانی کۆبوونەوەو توانییان گۆڤاری (سروە) دەربکەن و بەرە بەرە دەست بە کار بکەن.

* نموونەتان بە مامۆستا (هێمن) هێنایەوە، کە توانیویەتی کۆمەڵێك لاو لە دەوری گۆڤاری سروە کۆبکاتەوە، ئایا ئێستا کە گۆڤاری مهاباد دەردەکەن و ئەو تێکستانەی کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکەن و بۆ ئێوە دێن توانیویانە لە مام هێمن تێبپەڕێنن؟

– بە داخەوە بەو شێوە نییە، کە بڵێی گەیشتووینەتە مام هێمن.

**دوای روخانی کۆماری کوردستان زۆربەی شاعیرو نووسەران بە هۆی نەبوونی دەرفەتی کارکردن روویان کردە هەندەران**

# ئەوانەی بۆ گۆڤاری مهاباد دەنووسن بەشی زۆریان لە هێڵی مامۆستا هێمن لایان داوە

***ئایا وەکو تەقلیدی مام هێمن ئیش دەکەن، یان بەشێوەیەکی تر؟**

– کارو ئیحساسو ئەزموونی مام هێمن لە شیعردا، وەڵامی سەردەمی خۆی بووە، دوای ئەو هەرچەندە لاوەکان ئەزموونەکانی ئەویان رەچاو دەکرد، بەڵام هەریەک بە جۆرێک کاریان دەکرد لەسەر شیعری نوێ، زۆر گەنجی بەتواناو باش پەیدابوون ئیشیان لەسەر شیعر دەکرد، بە تایبەت ئەنجومەنێکی کوردنشین هەبوو، کە توانیان خزمەتێکی زۆر بکەن، ئەو گەنجانە توانیان ئەزموونو کاری تازە بهێننەکایەوە، ئێستاش زۆر کەس کاردەکەنو کارەکەیان تاڕادەیەک باشە، ئەوانەی کە بۆ گۆڤاری مهاباد دەنووسن دەتوانم بڵێم بەشی زۆریان لە هێڵی مامۆستا(هێمن)یان لاداوە.

***هەست دەکرێت کاریگەرییەکی زۆری شاعیرانی فارس وەکو سوارە و فروخ و سهراب و شاملۆ بەسەر شاعیرانی باشووری کوردستان زاڵە، لەم رووەوە زۆر وێنە لە رێگای تێکستە شیعریەکان ئەدۆزینەوە، ئایا بۆ ئێرەش هەمان ئەو حاڵەتە راستە؟**

– شتێکی سروشتیە، ئەکرێ لێرە زیاتربێ، ئێمە زۆر شاعیرمان هەیە لە ژێر کاریگەری شاملۆ یان فروخ شیعر دەڵێن، بۆ نموونە زۆربەی شیعرەکانی مامۆستا هەڵۆ، لە ژێر کاریگەری ئەحمەدی شاملۆ نووسراون.

***رایەک هەیە دەڵێت رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر وێنای دەقی شیعری کۆنی کۆمۆنیستەکان دەکات، لە تێکستە ئەدەبیەکان ئەو حاڵەتە دەبینرێت، بۆ نەتوانراوە ئەو شێوازە تێبپەڕێنرێت؟**

– ئاساییە هەر شاعیرێك، کە لە سەرەتا دەست پێدەکات بە لاسایکردنەوە دەست پێ دەکات، زۆر لەو شاعیرانەی کە لە پێش شۆڕشدا شیعریان دەگووت پێگەی چەپیان هەبوو، زۆر بەسەر ئەم سەردەمەش تێنەپەڕیوە، کە بتوانرێ خۆیان لەم لاساییکردنەوەیە رزگارکەن. ئەمەشمان لەبیر نەچێ ئەم گرفتانەی، کە لەم دەوروبەرەدا هەیە ئەبێ رەنگدانەوەی شیعرەکانی شاعیرانمان بێت.

*** ئاخۆ بوونی سنوور لە نێوان بەشەکانی کوردستانو کەمی ئاڵوگۆڕی ئەدەبیو فەرهەنگی لەنێوان شارو پارچەکانی کوردستان کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دروست نەکردووە؟**

– پێم وایە بینینی تۆ بۆ دەوروبەر بچووك دەکاتەوە، بۆ نموونە تۆ لە زۆر سەرچاوە بێ بەش دەکات .. ئەم سنوورانە فەزایەکی دیاریکراوی زەمەنیان دروست کردووە. لەولاشەوە نەبوونی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی دیسان دەتوانێ کاریگەری خراپی هەبێ، هەڵبەتە سنوورەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر شاعیر و نووسەران.

***زۆرجار بارودۆخی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر کەسی شاعیر جێ دێڵێ، ئەو کاریگەریانە چین کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووبەڕووی تێکستی ئەدەبی دەبنەوە؟**

– هەرچی کاریگەری سیاسییە، دەگەڕێتەوە بۆ سانسۆڕ، کە نەتوانی وەك پێویست خۆت بەیان بکەی، بەڵکو دەبێت بە نهێنی کاربکەی، کە زۆر کەس خۆی لێ نادات، زۆر کەسیش کە کاری ئەدەبی دەکرد بەدوای کاری سیاسی کەوت. ئێستاش زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکان ئاوڕ لە بەشی ئەدەبی نادەنەوەو ئیش لە سەر کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان دەکەن.

# (گەنج)ــگەلێکی برسی

محەمەد گەلاڵەیی



ئەو بارودۆخەی ئێستا گەنجی کورد ژیانی تێدا دەکات، هاوکێشەیەکی لاسەنگی لە ژیانی رۆژانەی گەنجدا دروست کردووە، رۆژ دوای رۆژیش ئەم هاوکێشیە زیاتر خۆی لە ژیانی تاکی کورد بەتایبەتی گەنجەکان قووڵ دەکاتەوە، لە شێوەو شوێنی جیاجیای ولاَتەکەماندا مەترسییەك بۆسەر ئایندەی گەنج دروست ئەکات و ئەیخاتە بەردەم واقیعێکی هەست پێکراو، کە ئەنجامەکەی سەرگەردانی و ماڵوێرانبوونی گەنجی کوردە. بەو رووداوەش گەنجگەلێکی برسی دێتەبەرهەم، کە بە مشەخۆرێکی لە ڕادەبەدەر زیانبخەش و تەمبەڵ لە مێژووی کوردستاندا تۆمار دەکرێت، بە بەردەوامییش دەبینین ئەو گەنجانەی کوردستان، برسیین بەدوای هەموو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان، برسیین بەدوای چەندەها بواری جۆراوجۆر، کە دەیانەوێت ئەو برسیەتیەیان نەهێڵن، لەوانە برسیی بوون بەدوای ئازادی ڕادەربڕین بەهەموو شێوەکانییەوە، لە بەرامبەر حکومەت و حزبە دەسەلاَتدارەکان و کۆمەڵگا و داب و نەریتەکان و نایەکسانیەکانی کۆمەلاَیەتی و ئاینیشی لەگەڵدابێت. لە هەمان کاتیشدا بەو برسیەتیەی دەیەوێت لە ڕوانگەکانی رەخنەی عەقلاَنی و زانستیانەو هەندێ جاریش یاخیانە بیر بکاتەوەو رەخنە لەمانەی سەرەوە بگرێت، ئەمەش کارێکی زۆر پۆزەتیڤە، کارێکە بە زمانێکی برسی، کە گەدەی گەنج هەڕەشە ئەکات بۆ رەخنەگرتن، چونکە لەشکری گەنجی برسی لە زۆربووندایە.

ئەگەر لێکدانەوەیەك بۆ ئەم دێڕانەی سەرەوە بکەین، دەبینین ئەم گەنجگەلە برسییەی کوردستان، خەریکە دەبنە توێژێك لە واقیعیی ئەمڕۆی کوردستان، وادەخوازرێت بەو ناوە بانگیان بکەین، هەروەکو توێژە بە پەراوێزخراوەکانی دیکەی کوردستان، کە لە کۆڵەمەرگیدا دەژین، داهاتووەکەشی ئەوەیە گەنجێکی پەککەوتە دێتە بەرهەم و هەتا ڕادەیەکیش بەرهەمهێنراوەو ئامادەگی هەیە لە ژیانکردنیدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەم پانزە ساڵەی حوکمڕانی حکومەتەکانی کوردستان و شەڕی نەویستراوی ناوخۆی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە بەرنامەیەکی تەواویان نەبوو بۆئەم توێژە زۆرەی کۆمەڵگای کوردستان، سەرەنجام ئەم گەنجگەلە برسییەی لێ دروست بوو، هەر لە سەرەتای پێکهاتنی یەکەمین کابینەی حکومەتی کوردستان، کە گەنجی کورد برسیی بوو تا بگاتە بەهەشتەکانی خۆرئاوای دنیا و سەرهەڵبگرێت بەرەو شوێن و کاتێکی نادیار لە چارەنووسی ژیانیدا، تا وای لە گەنجی کورد کرد برسیەتی ڕێگاکانی قاچاخچیەتی و خنکانی لە دەریاکانی تورکیا و یۆنان و ئیتاڵیا و ئاوارەی ولاَتانی ئەوروپای پێ خۆشتر بێت لە ژیانی کوردستاندا، هەر دوای ئەمانەش گەنجگەلێکی تریش پەیدابوون، کە ئێستا هێدی هێدی لە زۆربوون دان، ئەوانیش ئەو گەنجانەن کە برسین بەدوای ماددە بێ هۆشکەرەکان و حەب و تلیاك و ..هتد ئەم ڕووداوەش لە ئایندەی حکومەتەکانی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی کورد و باری خێزانی کۆمەڵگای کوردستان، گەورەترین کێشەو زەرەری زۆر قەبەو ڕانەگیراو رووبەڕوومان دەبێتەوە و گورزێکی گەورە دەوەشێنێت لە بوارەکانی تەندروستی و ئابووری و کۆمەلاَیەتی، کە ئێستا سەرەداوەکانی دەبنە راستی و بە چاویش دەیان بینین.

سەرباری ئەمانەش، چەندان گەنجگەلی نا تێر هەن بە دوای یاخی بوونی کۆمەلاَیەتی و سیاسی و ئاینیی دان، هەن بەداوی خۆپیشاندان و ڕەتکردنەوەی دەسەلاَتی گەندەڵی و نابەرپرسیاریەتی دان، هەن بەدوای توندوتیژی و تیرۆری جۆراوجۆر دان، هەن بەدوای نەمانی گەندەڵی و شەفافیەتی حوکمڕانی کوردیدا دان، هەن بە دوای دامەزراندنی ڕێکخراو و سەنتەری هەمەچەشن دان، بۆئەوەی لە گشت بوارەکاندا کاربکەن و داکۆکی بکەن لە مافی گەنجان و ژنان و ولاَتەکەیان و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی و نەمانەوەی لەم قەیرانەی کە ئێستا تێیدایە، هەن برسیین بەدوای هەموو ئارەزووەکانی ژیانیدا لە سێکسەوە تا دەگاتە خوێندنەوەی کتێب و سەفەری ولاَتان و لاسایی کردنەوەی کولتووری ولاَتانی دیکە، گەر بێت و لەم ساتەوەختەدا گەنجگەلێکی لەم جۆرە تێر نەکرێت لە کوردستاندا، ئەوا رۆژ بەدوای رۆژ لە زیادبووندان و گۆڕانەکانیش هەر بە سستی و بەو ئاقارانەدا بڕۆن و حکومەت ئاوڕێك لە گەنجەکان نەداتەوەو حزبەکانیش بەبەردەوامی توانستەکان و بەهرەکانیان لە خاچی گەندەڵی و نابەرپرساریەتی رۆژانەیان بدەن، ئەوا ئەو کاتە نەك گەنجگەلێکی برسی زێترو زێتر دروست دەبن، بەڵکو کۆمەڵگایەکی برسیش لەدایك دەبێت، ئەو کاتە کۆنترۆڵکردنی ئەم هەموو برسیە جۆراو جۆرانەی کوردستان، کەس ناتوانێت لە ئەستۆی خۆی بگرێت و بە ماوەیەکی زۆر دووریش چارەسەر ناکرێت، تا زووە ئەی حکومەت و حزبە دەسەلاَتدارەکان، پێش ئەوەی گەنجگەلی برسیی کورد لێتان تووڕەو یاخی ببن، برسیەتیەکەیان تێر بکەن.

# ئەو توێژەی، بەشی شێری نەهامەتییەکانی بەرکەوتووە



یادگار عەبدوڵلا

**بـە** پێچەوانەی ئەو رایەی، کە پێی وایە گەنج توێژێکی کارای کۆمەڵگایە، من پێم وایە لە کوردستان، گەنج ئەو توێژەیە، کە کاریگەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگای بەسەرەوەیە، هەر لە داب و نەریتەوە بگرە، تا دەگاتە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و.... هتد.

من پێم وایە منالاًن و بەسالاًچووان هێندەی گەنج نەکەوتوونەتە بەر هەرەشەی خەم و دەردەسەری ئەم ژیانە بێ مانایە .

ئەوە نیە ئەوەی کۆچ ئەکات بۆ هەندەران هەر گەنجە، ئەوەی هەوڵی گۆڕان دەدات و رێگای پێنادرێت و ناچارە ڕابکات هەر گەنجە، ئەوەی ئایندەی لێڵ و رابردووی پڕ لە ئازارە هەر گەنجە،

منی گەنج لە ولاًتێك ئەژیم : تا ئێستا کێشەی نیشتەجێ بوون و پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی تەنگی پێ هەڵچنیووم، جگە لەوەی بازاڕی بەناو ئازادیش بۆ خۆی بۆتە ئەژدیهایەکی برسیو رۆژانە خوێنم دەمژێ.

کێشە کۆمەلاًیەتیەکانو دابو نەریتی چەق بەستووی نێو کۆمەڵگا، لەوەتەی هەم وەك ناو و سێبەر لەگەڵمدان، نە هیوایەك بۆ ئایندە و نە چارەیەك بۆ خەمەکانم بەدی ناکەم، لەوانەیە رەشبینیم تا ئەو ئاستەبێ، تروسکایی هیوایەك بۆ ئایندە نەبینم، رەنگبێ بەرنامەی منی گەنج بۆ ئایندە، زۆر لەو بەڵێنانە جوانتر و رەواتر بێ، کە بەرپرسانم 15 ساڵە دووبارەی دەکەنەوە و تووشی نائومێدییان کردووم. زۆر دەمێکە گوتراوە ئایندەی هەر نەتەوەیەك بەندە بە گەنج، بەلاًم ئایندەی نەتەوەی من بەندە بەکام جۆر گەنج ؟ ئەوانەی لە پەرلەمان بەناوی من و لەجیاتی من قسە دەکەن و بەرنامەم بۆ دادەنێن! کەچی تەمەنی گەنجیی دەمێکە ماڵئاوایی لێکردوونو خەمی گەنج نەك خۆیان، بەڵکو ڕووی لە پاسەوان و دۆست و خزمەکانیشیان نەکردووە ؟؟؟ یان ئەو گەنجەی کە هەندەران و دووریی ولاًت بەئاوات دەخوازێت ؟؟ .

سووتەمەنی جەنگ و داینەمۆی پێشکەوتن گەنجە، ،پارێزەری ولاًت و پاسەوانی بەرپرسەکانمان هەر گەنجن، کرێکار و هەژار، قەڵەم بەدەست و چەکوش وەشێن هەر گەنج، گەنج ئەو توێژەیە کەم لێدوانی بەرپرسانی ئێمە هەیە باسی لێوە نەکردبێت و کەم پەیمانی ئەوانیش هەیە بۆ گەنج جێ بەجێ کرابێ .

لەوەتەی هەمو هەستم کردووە (گوایە) گەنجم ؟؟ بەلاًم هەر شتێك بووبم تەنها گەنج نەبوومە، چونکە تا ئێرە هەستم بە مافەکانی خۆم نەکردووە و نەمگوتووە ئۆخەی !!!!.

لەسەدەی 21 دا، منی گەنج شەو و رۆژ وێڵم بەدوای تەنها (5لتر) بەنزین بۆ ئەو کاتەی کارەبا حەیاتەکەم دەبڕێ مولیدە داگیرسێنم و سەیری سەتەلایت بکەم، تابزانم چەند گەنجی تر لە دەریای ئیجە خنکاون و چەندی تریان (سنورداش) دەکرێنەوە و چەندی تریشیان گەیشتوون بەو بەهەشتە خەیاڵییەی زۆربەی گەنجی کورد بەئاواتی دەخوازێت و هەوڵی بۆ ئەدات ؟؟ .

لە سەدەی 21 دا، لە ولاًتی من ئەگەر حزب تەزکیەت بۆ نەکات، ئەبێ لە ماڵ بێ ئیش دانیشیت و چاوەڕێی قەدەربیت .

لەسەدەی 21 دا، بەرپرسەکانی من (سپلیت) بەکاردێنن، بەلاًم من پێشکە و سیسرکە و گەرمای هاوین هەراسانی کردووم و لە کاتی نووسینی هۆنراوەیەك بۆ هاوڕێکەم، تەزووی کارەباکەم دەبڕێ و لەگەڵیدا دەستبەجێش تەزووی ئیحساسی من دەبڕێ و پەریی خەیاڵی هۆنراوەکانم بەزیزی لە شەققەی باڵی دەداو دەفڕێ !!! .

بۆیە دەپرسم، گەنج کە لەم هەموو ئازار و مەینەتییەی کۆمەڵگا بەشی شێری بەرکەوتووە، ئەبێ چ هیواو ئاواتێك وابەستەی نیشتمانی بکات و وای لێ بکات نەتوانێت جێی بێڵێت ؟؟ ...

# بۆچی مرۆڤ لە ژیانی هاوسەرێتی ئارەزووی گۆڕان دەکات؟

شیلان سەعید

(هانا) وای بۆ دەچێت ئەگەر داب‌ونەریت‌و رەوشت‌و بەهاکان نەبنە بەربەست، مرۆڤ ئارەزوو دەکات هەر رۆژێ لەگەڵ کەسێکی نوێ بژیت‌و مامەڵە بکات، ئەم حاڵەتەش بۆ هەردوو رەگەزەکە وەك یەك وایە. ئەو وای دەبینێت لە نەستی مرۆڤ جۆرێك لە حەزکردن بۆ شتی نوێ هەیەو گۆڕانیش رەونەق‌و هێزێکی دیکە بە ژیان دەبەخشێ.
(هانا) بەکارەساتی دەزانێت پیاو هەموو تەمەنی بەدیار ژنێکەوە بەرێبکات‌و(20_30) ساڵ عەرەب گوتەنی( صباح الخیر) بەدەموچاوێکەوە بکات. ئەو وای بۆ دەچێ ئەو گرێ کوێرانەی، کە پیاوی کوردو رۆژهەلاتی بەدەستییەوە گرفتارە، سەرەنجامی دوورەپەرێزییەتی لە ژن، پیاو جارێ هەر دەیەوێ لە نهێنییەکانی جەستەی ژن تێبگات، زۆرجار کە ئەم هەموو ژن‌و کچانە دەبینێت، تووشی جۆرێك لە دوو دڵی دەبێ‌و لەناخەوە مەیلی بۆ ئافرەتێکی دیکە دەچێ. باوەڕمەندم ئەگەر پیاو لە قۆناخی گەنجیەتیدا تێر بێت، هێندە لە هاوسەرەکەی دوو دڵ نابێت.
(ن.ن) ژنێکی(28)ساڵییەو(3) ساڵە شووی کردووەو(2) منداڵی هەیە، ئەو دەڵێت: من وای دەبینم‌و ناڵێم 100٪، بەلام تاڕادەیەکی زۆر ئەگەر پیاو خیانەت لە هاوسەری



**پیاو کە ئەم هەموو ژن‌و کچانە دەبینێت، تووشی دوو دڵی دەبێ‌و مەیلی بۆ ئافرەتێکی دیکە دەچێ**



# ئەوپەڕی خۆشی بە پیاوەکەم دەدەم، تا پێشم بکرێ ناهێڵم مێردەکەم چاوی لە دەرەوە بێت‌و لێم بێزار بێت



بکات‌و کرداری سێکسی لەدەرەوە ئەنجام بدات، ژنەکەی بەرپرسیارو خەتا بارە، ئاخر ئێمەی ئافرەت ئەوەندەی بۆ دەرەوە گرنگی بە خۆمان دەدەین‌و خۆمان دەڕازێنینەوە، چارێگی ئەوەندە پێشوازی لە خواستی هاوسەرەکانمان ناکەین‌و بایەخ بە خۆڕازاندنەوە بۆ پیاوەکانمان نادەین‌و کەمتەرخەمین، بە تایبەت لە کاتی جووتبوون هیچ زەوق‌و نەشئەو لەززەت بە مێردەکانمان نابەخشین، بۆ نموونە من هەندێ ئافرەت دەناسم هەتا رێگا بە ماچکردنیش، کە رۆڵی هەیە لە وروژاندن نادەن، هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی جل‌و بەرگ‌و رەخساندنی کات‌و شوێنی جوتبوون زۆر گرنگەو هۆکاری بەهێزن‌و رۆڵیان هەیە لە یەکتر نزیك کردنەوەی ژن‌و مێردو بەخشینی نەشئەو لەززەتی سێکسی. هەروەها ئەوەی بەبڕوای(ن.ن) زۆر گرنگە رۆشنبیریی سێکسییە، کە دەبێ لای هەردوولا هەبێ، تا وەك یەك لەززەت وەربگرن. ئەو خۆی بە نموونە دێنێتەوەو دەڵێ" من یەکێکم لەوانەی ئەوپەڕی خۆشی دەدەم بە پیاوەکەم، خۆشم لەززەت لەو کردارە وەردەگرم‌و تا پێشم بکرێ ناهێڵم مێردەکەم چاوی لە دەرەوە بێت‌و لێم بێزار بێت.

(ئاری ئەحمەد)ی تەمەن (38) ساڵ، 10ساڵە ژنی هێناوەو 3 منداڵی هەیە پێیوایە" ئەگەر مرۆڤ راستگۆیانە قسە لەسەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بکات، کە لە نێوان دوو کەس سەرچاوە دەگرێ‌و خێزانی لێدەکەوێتەوە، ئەوا راشکاوانە دەڵێم ئەم پەیوەندییە لای من هیچ مانایەك ناگەیەنێت، چونکە بە پەیوەندییەکی ناتەندروستی دەزانم‌و بەردەوام لەژێر فشارێکی گەورەی دەروونیدام، ئیدی نازانم مەسەلەکە پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە، یان پەیوەستە بە کپکردنی خواستی تاك هەر لەقۆناخی گەنجیەتیدا.

ئاری پتر لەسەر ئەم پرسە رۆیشت‌و وتی" من لە پێکهێنانی ئەو خێزانە دڵخۆش نیم، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا کێشەیەکم لەگەڵ ژنەکەم نییە، زۆر رێزم لێ دەگرێت‌و رێزی لێدەگرم، بەڵام هەمیشە لە دڵەڕاوکێ دام‌و هەست بە ئازار دەکەم، زۆر جاریش دەڵێم پەشیمانم لەوەی کە خێزانم پێك هێناوە، بە راستی ئەم فۆرمەی پێکهاتەی ژیانی من، مانای نەماوە. بەڵام کاتێك منداڵەکانم بیر دەکەونەوە جارێکی تر ئومێدم لا دروست دەبێتەوە.

(ح.ر)یش ژنێکی دیکەی تەمەن( 32) ساڵەیەو(7) ساڵە ژیانی هاوسەرگیرییان پێك هێناوە دەڵێت: کاتێك

# هاوسەرەکەم ناشیرینترین ئافرەتی لە من پێ باشترو جوانترە





هاوسەرەکەم لەگەڵم جووت دەبێت وا دەزانم رۆحم دەکێشێت، چونکە هیچ تاموچێژێکی لێ نابینم، بەڕادەیەك لێی بێزاربوومە حەزناکەم بە هیچ شێوەیەك لێم نزیك بکەوێتەوە.. هۆیەکەشی بۆ هاوسەرەکەم دەگەڕێنمەوە، چونکە ئەو بە کەیفی دڵی خۆی رادەبوێرێتو هەر رۆژەی دڵی لای ئافرەتێکە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ من بکاتو بۆشم نییە پێی بڵێم پشتی چاوت دوو برۆیە، ناچار هەموو ئازارەکانم لە دڵدا پەنگاونەتەوەو وام لێهاتووە دڵم لای مێردەکەم نەبێت، لە کاتی جووت بوونیشدا خوا خوامە پرۆسەکە زوو تەواو بێت. (ح.ر) ئاماژە بەوە دەکات کە هاوسەرەکەی ناشیرینترین ئافرەتی لە ئەو پێ باشترو جوانترە و زوو زووش پێی دەڵێت لەسەر مرۆۋ پێویستە خواردنەکانی بگۆڕێت، تەنها خواردنێك خۆش نییەو مرۆۋ لێی بێزار دەبێت.

(د.ش)ی تەمەن(23)ساڵیش پێی وایە، کچان لە قۆناغی دوای منداڵی، کە قۆناغێکی هەستیارەو بە هەڕەتی خۆناسین ناوزەد دەکرێت، هەوڵ دەدەن کەسێك بۆ خۆیان بدۆزننەوەو بیکەن بە هاوسەری ژیانی، بەڵام کاتێك هاوسەری ژیان دەست نیشان دەکەن، تەنیا ماوەی دەزگیرانیو ساڵی یەکەمو دووەمیان خۆشە. دواتر هەر لەگەڵ پەیدابوونی منداڵو چوونە نێو تەمەن ژیانی هاوسەری ئەو تاموچێژەی نامێنێت. (د.ش)وتی: من سەرەتا زۆر حەزم دەکرد شوو بکەم، بەڵام شووکردن هەمیشە ئامۆژگاری هاوڕێیەکانم دەکرد شوو نەکەن، چونکە لەیەکتر بێزار دەبن، بە تایبەت ئەو کاتەی کە دەزانیت پیاوەکەت دڵی لای ئافرەتێکی ترەو هەر بەخەیاڵ لەلای تۆیە. وەك چۆن پیاو لە ژنی خۆی بێزار دەبێ، ئافرەتیش بە هەمان شێوە لە پیاوەکەی بێزار دەبێت، بەڵام پیاو دەوێرێ ئەو هەقیقەتە بدرکێنێ، کەچی بۆ ئافرەت بڤەیە.. من نایشارمەوە کاتێك هاوسەرەکەم لەگەڵم جووت دەبێ، هیچ خۆشییەکی لێنابینم، چونکە هەست بە دووبارەبوونەوەیەکی بێ مانا دەکەم، بۆیە بە خەیاڵ دەچمە لای کەسێکی دیکەو زۆرجاریش بەدیار فیلمی سێکسی دەکەوینە نێو ئەو پرۆسەیەو هێندەی دەکەم لەززەتی لێ نابینم.

(ه.ع) گەنجێکی دیکەی (29) ساڵەیە، (6)ساڵە ژیانی خێزانی پێکهێناوەو(2) منداڵی هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: تا لە قۆناغی هەرزەکاریداین، هەرچی حەزو ئارەزووەکانمانە لە بەتاڵ کردنەوەی غەریزەی سێکسیدا دەبینینەوە، شەهوەتو ئارەزووەکانیشمان بە شێوازی جیاجیا بەتاڵ دەکەینەوە، کاتێك چووینە نێو ژیانی هاوسەرێتیو بووین بە پیاو، بێ ئەوەی خاوەن کەمترین رۆشنبیریی سێکسی بین ئەو غەریزەیە بەتاڵ دەکەینەوە. ئەمەش تەنها لەگەڵ هاوسەرەکەمان نا، بەڵکو بیرمان بۆ ئەوە دەچێ جووت بوون لە دەرەوەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەین، بە بڕوای من کەم پیاو هەیە خیانەتی زەواجی نەکات، هەرچەندە بەشبەحاڵی خۆم هێشتا تامی شەوی خۆشاوی جووت بوونم لە دەرەوەی خێزانم نەچێشتووە، وەلێ زۆرجار ئەو هەلەم بۆ رەخساوە، رەنگبێ پاڵەپەستۆیەکی زۆری دەروونیشم لەسەر بێو لەوبوارەش دا کارا بم، بەڵام بەهۆی ترسان لە خیانەتی هاوسەرییێتی خۆم لێنەداوە، ئەگەرنا حەزم دەکرد لە جیاتی ئافرەتێك رۆژانە نانو کچ بخۆم. هەروەها (ه.ع) وتی: بەهۆی ئەوەی کاریگەری هیچ ئافرەتێکم لەسەر نەبووەو خۆشەویستیم بەو ئەندازەیە بۆ هیچ کچێك نەبووە، بۆیە بەخەیاڵی یەکێکی تر قەت لەگەڵ هاوسەرەکەم جووت نەبوومە.. با ئەوەش بڵێم، منو

# کاتێك هاوسەرەکەم لەگەڵم جووت دەبێ، هیچ خۆشییەکی لێنابینم، چونکە هەست بە دووبارە بوونەوەیەکی بێ مانا دەکەم



هەموو پیاوێکیش بە تەنها بۆ مەسەلەی جووتبوون ئارەزووی گۆڕان ناکەین، بەڵکو حەز بە گۆڕینی ئافرەت دەکەین. من دڵنیام هەرچەندە تاقیم نەکردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ هەر ئافرەتێك جووت بیت، تامو چێژی زۆر زیاتر دەبێ لە هاوسەرەکەت، وەك چۆن بۆ تێرکردنی سك، پشت بە جۆرەکانی خۆراك دەبەستین، ئاواش بۆ تێرکردنی غەریزە جنسیەکان چاومان بۆ زۆرترین ئافرەت دەچێ.

(ت.أ) ی تەمەن(29 )ساڵەش وتی: من لە تەمەنی (22) ساڵی شووم کردووە، تاکو ئێستا هەستم نەکردووە ساتێك لە هاوسەرەکەم بێزاربم، ماوەی (4) ساڵە لای ئەوم زۆر زۆر خۆشی دەوێم.. هیچ کاتێك باسی هیچ ئافرەتێکی لانەکردووم، هەمیشە منی لەلا جوانترین ئافرەتەو بۆ هەر شوێنێك بڕوات لەگەڵ خۆمم دەبات، پیاوەکەم یەك شەو لە شوێنێك نامێنێتەوە، بەڵکو دێتەوە باوەشی من، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە من بێزار نییەو حەزدەکات هەمیشە لەلام بێت، نەك بەچەشنی زۆر لەو پیاوانەی بۆ ماوەی چەندین شەو و رۆژ لە هاوسەرەکانیان دوور دەکەونەوە. بە بڕوای من دوورکەوتنەوەی پیاو لە ماڵ، هاندەرێکە بۆ بێزاربوونی ژنەکەی.. زۆرجار ژمارەی زۆری منداڵیش وا لەپیاو دەکات بێزاربێت لە ماڵو خێزانەکەی، ئیتر بەم شێوەیە هەوڵ دەدات بگاتە شوێنێکی هێمنو چەند ساتێکی خۆشی لێ بەسەر بەرێت.

(م.د)ی ئافرەتێکی تری تەمەن(31) ساڵەو خاوەنی (1) منداڵە بەم جۆرە دوا: هەر لەگەڵ ئاوابوونی تیشکی خۆر، ئێواران خۆم دەرازێنمەوە، وەك چۆن بڵێی دەچمە ئاهەنگێك، خواردنی خۆش ئامادە دەکەم، کەشێکی رۆمانسی لە ماڵەکەم دەڕەخسێنم، ژووری نووستن هەمیشە دەڕازێنمەوە، بە بەردەوامی بۆنو ئارایشت بەکاردەهێنم، کە هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکەم، بە زەردەخەنەوە باوەشی پێدا دەکەمو رای دەمووسم.. هەتا کاتی نووستن خۆشترین کەشو هەوای بۆ دروست دەکەمو قسەی خۆشی لەگەڵ دەکەم، هەرچەندە کاتێك دەچینە ژووری نووستن ئەو ناخەوێت، بەردەوام خەریکی جگەرەکێشانە، بە هەوڵێکی زۆر تا وای لێ دەکەم کرداری سێکسیم لەگەڵ ئەنجام بدات. لەو کاتەشدا هەست دەکەم دڵو چاوی لای من نییە، بەڵکو هەستو خەیاڵی دەڕوات، ئیتر نازانم بۆ کوێ؟ بەڵام ساردی کردارەکە وا لێك دەدەمەوە، کە ئەوپەڕی بێزارە لێم، لە کاتێکدا ئەوەندە گرنگی پێ دەدەم کە خۆی باوەڕ ناکات.. نازانم لەمە زیاتر چی بکەم، من گوناهم نییە کە ئەو لەمن بێزارە، من لەو بێزار نیم، ئەگەر تەنانەت هەر لەگەڵم نەنوێت. هەر هێندە دەڵێم دەمێکە وتویانە، دڵ مێشە لەسەر هەموو شتێك دەنیشێت، بەڵام دیارە دڵی مێردەکەی منیش لە شتێك نیشتووە.

ژماره (9)

خەزان

# مەملەکەتی قەیران

**چـەمکی** قـەیران وەکـو زاراوە، رەنگـە لـە رووی مادییـەوە زۆر بـاس بکرێـتو ببێتـە شـتێکی دیـار لـە رووی حـەزەکانی تـاك، بـەلاّم میتـۆدی قـەیران زیـاتر وابەسـتەی حاڵەتـە هزریەکانی تاکە، قەیران لە میتۆد واتە نەمانی هاوسەنگی لە نێوان خودی تاكو خۆی، کە دەبێتە ململانێیەکی بیّ بەرنامە، بە شێوەیەکی نامەنهەجی دەست پیّ دەکات، مەبەست لـە قـەیرانی ئـەمر بـریتی نییـە لـە نـەبوونی سـووتەمەنیو ئـاو و کارەبـاو کـار، بـەڵکو قـەیرانی ئـابووری دەبێتـە هـۆی نـامۆبوونی تـاك لـە حاڵەتـە ئابووریەکـەی، واتـە ئـەوەی بـە دەسـتی دەکـەوێت بەشـی پێداویسـتی رۆژانـەی ناکـات، ناهاوسـەنگی لـە نێـوان ئـەوەی بـە دەسـتی دەهێنێـتو پێداویـستییەکانی ژیـانی دروسـت دەبێـت، بۆیـە ئـەو نادادپەروەرییـە لـە پێداویستییو کارکردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرك زیاتر ببیّ لە ماف. چەندەی ئـەركو مـاف بەرامبەری یەکتری نەبن، ئەوا قەیرانی پێداویستییەکان زیاد دەبیّو دەبێتـە هـۆی قـەیرانی فکرییو هزریـی، ئەمـەش لـەخۆی دا گرفتێك دروست دەکات، کـە تـاك لـە شوناسـی خـۆی دەردەچێتو ناتوانێت پێوەرێك بدۆزێتـەوە بۆ ئـایدیۆلۆژیی خـۆی، یـان بەکرداری بـوونی پێداویستییەکان، ئەگـەر هـیچ شـتێك رەوا نـەبێتو سـنووری حـەزەکان بچـووك بکرێتـەوە و حەرامکراوەکان زیاتربن، کێشە فکریـەکانیش زیـاتر دەبنو پلانـی دەروونـی بـۆ تێرکردنـی پێداویـستییەکان، قـەیرانی کولتـووری و فکریـی و دەروونـیو فەرهـەنگیو سێکـسیو ئـەوانی تـر گـەورەترین پاڵنـەرن بـۆ کۆچـکردنی گـەنجێك، کـە هـیچ لـە پێداویـستیەکانی چارەسـەر ناکرێـتو بـەدوای ئـارامگیری دەگـەڕێت، ناتوانێـت لـەنێو ئـەو هـەموو قەیرانـە پێناسەی خۆی بکاتو درێژە بە ژیان بدات، بە ناچاری دەچێتە بـەردەم دەسـەلاّتو بـاس لـەو گرفتانـە دەکـات، ئەگـەر وەلاّم نـەبوو ئـەوا لەبـەردەم داخوازییـەکانی تووشـی قـەیرانێك دەبێت بە گێژاوی دەروونـی کۆتـایی دێـت، رەنگـە لـە رووی میتـۆدی شیکارییەوە قـەیران بەشێك بێت لە نامۆگەریەتی تاك، کـە گـەورەترینیان نـامۆی کـارو سێکسە لای گـەنج، ئـەو دوو حاڵەتـە ناسـنامەکەی دەردەخـەنو بـە پێـی لێکدانـەوەیـەکی فکـری مەنهـەجی دەتـوانیّ حەزە فسیۆلۆژیەکانی تێر بکات، (زەکەریا تامر) لە (پڵنگـەکان لـە رۆژی دەیـەم) بـاس لـەوە دەکـات، شـای دارسـتان ئەگـەر ملکـەچی دەسـەلاّت نـەبێت بـەوەی کـە برسـی دەکـات، ئـەوا هێـزی برسـیبوون وەکـو پێداویـستییەکی فیـسیۆلۆژیی، پڵنگەکـە دەرووخێنـیّو ملکەچـی داخوازیەکانی دەسەلاّتی دەکات، لە رۆژی دووەم کارێکی تـری پـیّ دەکـات کـە لەسـەرەتادا زۆری پێنـاخۆش دەبێـت، بـەلاّم ناتوانێـت لەبەرامبـەر برسـی بـوون ویـستی بـەهێزبێتو دەڕووخێت، کارەکـە لـە رۆژی سێیەمو چـوارەم تـا رۆژی کۆتـایی دەسـەلاّت داوا لـە پڵنـگ دەکات وەکو کەر دەنگ بکات، ئەوکاتـە زۆری لا نـاخۆش دەبێتو پیّ دادەگرێت کە شـای دارسـتانە چـۆن دەکرێـت بـەو شـێوەیە هـەڵسو کـەوتی لەگـەڵ بکرێـت! ئـەمجارە برسـیەتی ئەژنۆی دەشکێنیّو ناچار دەبیّ داواکەی دەسـەلاّت جیّ بـەجیّ بکـات، لە بەرامبـەر ئـەوەدا دەسەلاّت دەڵێت دارستان جێگای تۆ نییە، ئێستا هێزی جارانت نەماوە!

لێرەدا ئەگـەر شـرۆڤەی ئـەم باسـە بکـەین، هـەرکاتیّ هێـز لـە بیرکردنـەوە و فکردابـوو، ئـەوا دەسەلاّت دەکەوێتـە مەترسـیو هـەولّ دەدات قـەیران دروسـت بکـاتو پلانـی برسـی بـوونی پێداویـستییەکان دابرێـژێت، تـا هێـز و ورەی تـاك هـەرەس بهـێنیّ لـە بـەردەم دەسـەلاّت، ئەوکاتە گەنج تووشـی نـامۆیی دەبێـتو لـە پێـستی فکـرەی خـۆی دەردەچێـتو لـە هـەناوی دەسەلاّتی گەندەڵ دەمرێت ئێرە، ولاّتی قەیرانە نەك داخوازییەکان.



یوسف عوسمان حەمەد

دەینووسێت



ئـەیلـولـی

2006

ڤەژین

# پاداشت و سزا



د. ڕێدار محەمەد ئەمین
دەینووسێت



گۆشەیەکە دەربارەی
سایکۆ سۆسۆلۆژیا*

**ژیان** بەهەموو ڕەنگەکانەوە جوانە، ئەگەر ڕەنگێك دڵڕفێنیی و ئاسوودەییمان پێدەبەخشێت، ڕەنگی وەها هەیە لە دڵتەنگی و خەمباری زیاتر هیچمان پێ نادات، بەڵام چێژی ڕەنگە جوانەکانیش هەر لەم ڕەنگە خەمبارانەوە وەردەگیرێت. لە فەلسەفەی دژیەکەکاندا (فلسفة الاضداد) بۆ هەموو شتێك لە گەردوون دا شتێکی پێچەوانەی ئەو هەیە، لە دژەکانیشدا ماهییەتی شتەکان دەردەکەون، گریان نرخی پێکەنین دیاری دەکات، برسی بوون نرخی تێربوون، دۆڕان نرخی سەرکەوتن.. هتد، هەریەك لەم شتانەش ئەگەر پێچەوانەکەی نەبوایە، تام و چێژی خۆی نەدەبوو، بۆیە دەڵێم ژیان بەیەك ڕەنگی، ژیانێکی تاریك و بێ ڕیتمە.

سزادانیش وەك شێوازی پێچەوانەی پاداشت، یەکێکە لەو شتانەی بە تەنها تام و چێژ ناداتە ژیان، وەلێ سزادانیش چەندین شێوازی هەیە و دوا شێوازیش بریتییە لە لێدان، جێگای داخە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنها فەرهەنگی سزادان لە ئارادایە و لە سزادانیش تەنها لێدان، ئەمە دووجار ژیان تاریك دەکات، جارێك بەوەی پێچەوانەکەی کە پاداشتە، پشت گوێ خراوە و جارێکی تر بەوەی لەدوا شێوازو خراپترین شێوازی سزا دەست پێدەکەین، من دەمەوێت بە گفتوگۆیەك نێوان خۆم و هاوڕێیەکی فیتەرم زیاتر ئەم مەسەلەیە باس بکەم، کاتێك لە میانەی کارکردنیدا لەلای بووم کوڕەکەی هەڵەیەکی کرد، ئەو لێی توڕەبوو و قسەی ناشرینی پێ گوت و هەڵیکوتایە سەری تا لێیبدات، بەڵام من دەستم گرت و نەمهێشت لێیبدات، کوڕەی بەستەزمان چووە لایەك و بە خەمبارییەوە دانیشت، من گوتم: نەدەبوایە لە پێش خەڵك ئاوا قسەی پێ بڵێیت و ئیهانەی بکەیت، ئەو گوتی: بەڵام ئەو هەڵەی کردووە و موستەحەقە، بەگوێم ناکات، ڕێزی گەورە ناگرێ، لەم قسانەدا هاوڕێیەکەم دەیویست بیانوو بۆ ڕەفتارەکەی خۆی بهێنێتەوە و هەموو تاوانەکەش بخاتە ئەستۆی کوڕەکەی، من پێم گوت: بەڵام کاتێك تۆ لێی دەدەیت، پێت وانەبێ ئەو هەست بە هیچ هەڵەیەك بکات، چونکە ئێستاکە ئەو وادەزانێت ڕەفتارێکی بچووکی کردووە و لەبەرامبەردا توندترین و دڵڕەقترین سزای وەرگرتووە، ڕاستیەکەیش هەر وایە، چونکە نەدەکرا لە بری ئەو لێدانە دوو ئامۆژگاریت بکردبوایە، قسەکانی پێ بڕیم و گوتی: بەڵام ئەو نازانێت ئامۆژگاری چییە، من گوتم: بۆ پێت وایە تۆ دەزانییت ئامۆژگاری چییە؟ ئایا تۆ لە هەفتەیەکدا چەند کاتت بۆ ئامۆژگاری ئەو داناوە، تەنانەت نیو کاتژمێریشت دانەناوە؟ ئایا ئەوە مافێکی سروشتی ئەو نییە؟ پێویستی بە پەروەردە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی تۆیە؟ مەگەر ڕۆژانە وەك ئامێرێك بەیانی زوو لەگەڵ خۆتی دەهێنی و ئێوارەش دەیبەیتەوە، ڕۆژێك بیرت لەوە کردۆتەوە دوای کارێکی چاکی ئەو، دیاری بۆ بکڕی؟ شەوێك چیرۆکی بۆ بگێڕیتەوە؟ لێرەدا هاوڕێیەکەم هەستی بە کەموکوڕی خۆی کرد، بەڵام هەر دەیویست پاساو بۆ کارەکانی بهێنێتەوە، بۆیە گوتی، دکتۆر گیان قسەکانت ڕاستە، بەڵام کاکە منداڵی ئەو زەمانە وەك جاران نیین، ئەوانە لەدەست دەرچوونە، ئەوانە لە کۆڵان و سەتەلایت و مۆبایلەوە فێری شت دەبن، پێم گوت: کەواتە تۆ پەروەردەی منداڵەکەت تەسلیم بە شتێکی تر کردووە، کەچی بۆ هەر کارێکیش سزای دەدەیت، گوتی:نا.. نا.. من هەرگیز ناهێڵم کوڕەکەم ئەم شتانەی هەبێت لەماڵەوە، زۆر هەوڵیاندا نە سەتەلایت و نە پلێی ستێیشنم بۆ کڕی، گوتم: بەڵام ئەمەش هەڵەیەکی ترە، چونکە تۆ شتێکت لێ زەوت کردووە، بەڵام مافی ئەوەت نەداوەتێ شتێکی تر هەڵبژێرێت.

لەم گفتوگۆیەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە هەموو تێگەیشتن و پەروەردەی هاوڕێکەم لە خراپترین شێوازی سزاوە سەرچاوە دەگرێ ئەویش لێدانە، بەداخەوە ئەمە نەك هەر بۆ هاوڕێیەکەم، بەڵکو بۆتە کولتوورێکی باو و حکومەتیش ڕەنگی پێوە گرتووە! ئێمەو حکومەتیش هەموو دەم ئامادەین سزای سەرپێچیکاران بدەین، بەڵام ڕۆژێك ئامادەنین پاداشتی هەڵوێستی جوان بدەینەوە، ئەم هەڵوێستەمان ژیان تاریك دەکات و شێوازی بیرکردنەوەکان دەشێوێنێ.

redar_moh@yahoo.com

# کێ هەوڵی چارەسەرکردنی ئازارەکانم دەدات؟

# هیچ کەسێك بەختەوەرم ناکات، جگە لە کەسێك کە دڵمی داگیر کردووە

ئا/ پەروین شەمزینی

**بەیانییەك** لە خەو هەستام، دوای جل لە بەرکردنم بەرەو دەرگا رۆیشتم بینیم چەند کاغەزێك لوول دراون، منیش لەبەرئەوەی چەند ساتێك دواکەوتبووم لە گەیشتنم بە شوێنی کار هیچ سەیرم نەکرد، لەناو جانتایەکەم دانا تاوەکو شەو، ئەوکات سەیرم کرد، هەر کە پێشەکیەکەم خوێندەوە زانیم خاوەنەکەی کێیە، بەڵام نایەوێت هیچ کەسێك نیازی دڵی ئەو بزانێت، دواتر ئەو هات و پێیراگەیاندم، بەڵام چی گوت؟ بە شەرمەوە گوتی ئەوە منم (ژیلە) و هیچی تری نەگوت، منیش نەم ویست بە پرسیارەکانم برینەکانی زیاتر بکولێنمەوە، هەرچۆنێك بێت هەموو نامەکەم خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنەوەشی چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، تا فرمێسکەکانم بەرەو خەوێکی قووڵ رایانکێشام.

ئەوەش دەقی نامەکەی (ژیلە) یە، کە ئەو رۆژە لەبەر دەرگای ماڵەکەم هەڵمگرتەوە:

من ئەمەوێت سەرەتایەکم هەبێت بۆ دەربڕینی ئێش و ئازارەکانم، بەڵام نازانم.. لە چییەوە دەست پێبکەم، بێگومان بە فرمێسك، کە پیشەی هەمیشەیی من و هاودەردەکانمە، گەرچی ئێوە ڕێچکەی فرمێسکەکانی من نابینن! ئەگەر یەکێك لە کاتی گرتنەدەستی پێنووسم بتانبینیبام، ئەوا بەزەیییەکی قووڵ لەناختانەوە دەیهەژاندن و هەست و سۆزێکی زۆرتان بۆ دەردەبڕیم و لەگەڵ منی بێچارە بەکوڵ دەگریان.

من کچێکی تەمەن 22 ساڵانم، هەر لە منداڵییەوە بە هۆی خانەدانی بنەماڵەکەم بەوپەڕی نازەوە گەورە کراوم، باری گوزەرانیشمان شوکر بۆ خوا ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر باشە، من بەهۆی مامەڵەی دەورووبەرم هەرگیز خۆم وەك کچێك نەدەهاتە پێش چاو، بۆیە وەك پیاوێك هەڵسوکەوتم دەکرد، کچێکی بە بەختیشم، ئەگەرچی راگەیاندنەکان ئەڵێن پیاو کەم بۆتەوە، یاخود سەردەم وایلێهاتووە ئەبێت کچ بەدوای کوڕێکی جواندا بڕوات، بەڵام من بە فیزەوە نەبێت شەش داخوازیم بۆ هاتوون و رەتم کردوونەتەوە، دوانیان لە دەرەوەی وڵات بوون، کە ئاواتیکی مەزنی زۆرێك لە کچانە، جیا لەوانەی کە بە مۆبایل یان هەر رێگایەکی تر هەستی خۆشەویستی خۆیان بۆم دەربڕیوەو ئارەزووی خوازبێنی منیان کردووە. بەهەر حاڵ، ئەمەوێت ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ ئەو کەسەی هەوڵی چارەکردنی ئێش و ئازارەکانی من دەدات و لەرێی ئەو (گۆوار)ە ئازیزە وەڵامم بداتەوە.

لە تەمەنی رابردووی خۆمدا هەردەم هەوڵی ئەوەم داوە، (دڵ)م بەسەر (ئەقڵ)مدا زاڵ نەبێت، بە رووێکیتر هەرگیز هەوڵی خۆشەویستی و پەیوەندییە خۆشەویستییەکانم نەدەدا، هەمیشەش کەرامەت و گەورەیی خۆم لە باوکیشم خۆشتر ویستووە، ئێرە سەرەتای خەمەکانمە، ئەو کاتەی تەمەنم (19) ساڵان بوو، کوڕێك لە رێگەی یەکێك لە خزمەکانی، هەواڵی خۆشەویستی خۆی بۆ ناردم، بەڵام من وەك پێشتر ئاماژەم پێدا هەرگیز بیرم لە خۆشەویستی نەدەکردەوە، چونکە بە پێی بیرکردنەوەی من خۆشەویستی راستەقینە لە سەردەمی ئێستادا وجودی نییە، ئەو دیاربوو دەمێك بوو بەدوای خۆشەویستی من عەودال ببوو، ئەو دەیگوت فلانە ساڵ دەرگاکەتان دەرگایەکی بچووکی رەنگ شین بوو، هەروەها دەیگوت لە فلان ئاهەنگ دەستێك جلی وات لەبەر بوو، کە بێگومان راستیی ئەمانە زیاتر منی لەو نزیك کردەوە، هەرچەندە من هەرگیز ئەوم نەدەهاتەوە یاد، کە لە شوێنێك بینیبێتم. لە چاوەکانیدا خۆشەویستییەکی راستەقینەم بەدی دەکرد، ماندووبونی گەیشتن بەمنی زۆر پێوە دیاربوو، ئەوەشی گوت کە نایەوێت خۆشەویستییەکی وەك ئەو سەردەمەم لەگەڵ بکات، ئەو دەیگوت، دەزانم تۆ هەرگیز خۆشەویستیت نەکردووە و پەیوەندی سۆزداریشت نەبووە، بۆیە حەزدەکەم پەیمانی دڵداری راستەقینە ببەستین، چ خۆشەویستیی پاك و جوانە پێشکەشتی دەکەم، تا ئەو ساتەی بەیەك دەگەین و ماڵێکی ئاسوودە دروست دەکەین.

ئەوکات مۆبایل و تەلەفۆن بەو شێوەیە بڵاو نەببووە، بۆیە هیچ ژوانێکمان لەگەڵ یەکتری نەبەست، تەنها جاروبار بە ئۆتۆمبێل بە بەردەرگای ماڵمان دادەهات، ئەو دەیگوت حەزناکات وەك گەنجانی ئەم سەردەمە ژوانم لەگەڵ ببەستێت، گەر ژوانمان بەست لەوانەیە زۆر شت رووبدات، گەر رووشبدا حەزناکەم ئەوە ببێتە هۆی ناوزڕاندنی تۆ، ئەگەر ڕێگەی هاوسەریمان لێبەسترا، یان چونکە من کارم لە بەغدایە شتێکم بەسەرهات ئەو کات خەڵکی چی بە تۆ دەڵێن! هەستم بە خۆشەویستییەکی بێ سنووری ئەو دەکرد، بەڵام من تەنیا پەیمانم پێدابوو، کە وابم وەك ئەو دەڵێت، ئێستا تەنها لە ڕێگەی مۆبایل قسە لەگەڵ یەکتری دەکەین، دەزانم تاکو ئێستا هیچ ئازارێك بەدیی ناکا، بەڵام لێرەوە هەست بەخەم و ئازاری من دەکات. ئەوکەسەی هەرگیز بیری دڵداری لە مێشك دانەبوو، پەیمانی داوە، ئەو کەسە نەبوو، بەڵکو لەیەکەم نیگاوە پیاوێکی خۆشویست پەیمانی شکاندو کەرامەت و شەرەفیش لەولاوە. من ئێستا پیاوێکی خێزانداری خاوەن دوو منداڵم خۆش دەوێت، دەزانم ئێوە لەوانەیە زۆر گلەیی و قسەی نارەوام پێ بڵێن، بەڵام خۆشم نازانم چۆن ئەو پیاوەم خۆشویست و چووە ناو دڵمەوە، هەرچەندە دەشمزانی خاوەنی خاووخێزانە. ئەوی سەیریشە، من هەرگیز چاوەڕێی هیچ لەو پیاوە ناکەم، دەزانی بۆ؟ خۆشمدەوێت، بۆیە هەر کەسێك کە پەیوەندی بە ئەویشەوە هەیە بۆم نییە ئازاری بدەم، یان خۆشەویستی خێزانەکەی بۆ ئەو کەم بکەمەوە. نازانم چۆن ئەو هەستەم دەربڕم، فرمێسکەکان وازم لێناهێنن، تا بتوانم بۆ چەند ساتێك لەگەڵ دەروونم بدوێم و بزانم چیم دەوێت، باوەڕبکەن خۆشم نازانم، ئەڤینی من وەکو هی هیچ کەسێکیتر نییە، ئەو پیاوە یەکەم کەسە کە ماچیکردووم و دڵ و عەقڵ و




هەموو ئەندامەکانی لەشم هاواردەکەن، دەڵێن دەبێ ئەو دواکەسیش بێت، ئەی هاوار چی بکەم! هیچ هاوڕێیەکیش شك نابەم تا حەزە شێتەکانمی بۆ باس بکەم‌و ئەویش دڵنەواییم بداتەوە. هیچ وشەیەکیش شك نابەم تا ئەو ئاگرەی لە هەناوم دایە بۆ ئێوەی دەربڕم. سەرەتا خۆشمویست، ئەویش بە زۆری وایلێکردم ئەوینی ببم، زۆر نازی هەڵگرتم تا بووە هۆی ئەوەی شێتانە عاشقی ببم، ئەو دەڵێت من هەرگیز ناتوانم ژنەکەم سەر بەهەوێ بکەم، هەرچەندە منیش ئەوە لەو چاوەڕێ ناکەم، جگە لەخۆشەویستییەکی کەم نەبێ، بەلاّم بەداخەوە قەت هەستم بە خۆشەویستی ئەو نەکردووە، چونکە ئەو کەسێکی شاراوەیەو هیچ کەسێکیش تێیناگات.

پیاوەکە جار جار ئەوەش دەڵێت، کە خۆشەویستی پاك نەماوە، هەرگیز کەسێکی وەك تۆ سووتاوم نەبینیوە، بەلاّم ئەگەر هەوڵی بینینەوەی کەسێکی تر بدەیت، ئەوا لەبیرم دەکەیت، ئەو هەرچییەکی گوتبێت بە قسەم کردووە، ئەوانەیش کە ماوەیەك هەوڵی خۆشەویستیان لەگەڵم داوە، قسەم لەگەڵ کردوون، تەنیا قسە، بۆ ئەوەی وتەکانی ئەو و خۆم تاقی بکەمەوە، بێ فایدە بوو، هەوڵی ئەوەم دەدا ئەو لەخۆم‌و دڵم دوور بکەمەوە، بۆ ئەوەی ئازار نەمێنێت‌و هەست بە بوونی خۆم بکەم، بەلاّم ئەو جارەیان ویژدانم هاواری دەکردو ئازاری دەخوارد، ئەزانن بۆچی! ئەمەویست دڵی خۆم ساڕێژ بکەم، نەمزانی دڵی کەسانێکی تر ئازار دەدەم.

بەلاّم من چی بکەم؟ بۆشایی دڵم جیا لە خۆشەویستی ئەو بە هیچ کەسێکیتر پڕ نابێتەوە، دڵیشم بە هیچ ئاوێك فێنك نابێ، تەنیا بە ماچی لێوی ئەو نەبێت، هیچ ئاگرێکیش نامسووتێنێ، تەنیا گڕی عەشقی ئەو نەبێت. زۆرجار دەڵێم بەسە ئەم عەشقەو بڕیاری وازهێنان دەدەم، بەلاّم هەست‌و سۆزی من لێناگەڕێت، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەلکێشم دەکات تا وایلێهاتووە جگەرەکێشانیش بووەتە پیشەم. چەندین جار لەگەڵیدا دوای گفتوگۆکردن بە هۆی مۆبایلەوە لە هۆش خۆم چووم، پێم وت وازت لێدێنم، ئەوکات لەهۆش خۆم چووم‌و هەستم بە مردن دەکرد، خەمی ئەوەم نەبوو کە دەمرم، خەمی ئەوەم بوو جارێکی تر چاوم بە چاوی ئەو ناکەوێت، ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئەو عەشقە جوانکیلەم بە کۆتا دێت. خەمێکیشم بۆ ئەو دروست دەکرد، لەبەرئەوەی دەمزانی جیابوونەوەمان چیم بەسەر دێنێت، ئەوەشم بەو گوت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەو کوڕەی کە پەیمانم پێی داوە، کە وەفاداری بم تا ئەو لە بەغدا دەگەڕێتەوەو ئەو خۆشەویستییە جوانەی بەرامبەر بە من هەیەتی زیاتر ئازارم دەدات، کوڕەکەش دەڵێ، ڕاستە ڕێگام دوورە و پەیوەندیشمان کەمە، بەلاّم زۆر دڵنیابە لە خۆشەویستییم. ئێستا من لەوپەڕی پێویستی بە ئەوینداریم، زۆر زۆریش ئازارم بۆ کوڕەکە هەیە کە بەدڵ‌و گیان عاشقم بووە، ئەوە بۆ (7) مانگ دەچێت بەیەکەوە قسەمان نەکردووەو ئەویش لەبەر چەند هۆیەك لەسەر کارەکەی نەگەڕاوەتەوە، ڕۆژێکیان بە تەلەفۆن پێی گوتم ئەگەر هاتمەوە جانتایەکانم دەنێرمە ماڵەوەو خۆم بەبەر دەرگاکەتاندا پیاسەیەك دەکەم ئەوجا دەچمەوە ماڵ. مردن زۆر باشترە بۆ من، چونکە ناتوانم هیچ کەسێك بەختەوەر بکەم، بەتایبەتی ئەو کوڕە ئەگەر شووم پێیکرد. چونکە من ناتوانم بەختەوەری بۆ خۆم دابین بکەم، جا چۆن دەتوانم بۆ خەڵکی دیکە دابینی بکەم. خەڵکینە شێت بووم بەدەست ئەو ئازارانەوە، پێم بڵێن ئایا ئەوەیە خۆشەویستی؟ ئەی بۆ منیش وەك ئەوانی تر بیر لە ئەوینداری ناکەمەوە؟ تا ئازارم نەدات‌و بەختەوەرو سەرفرازم بکات؟ بۆچی لەیەکەم نیگاوە ئەو پیاوەم خۆشویست؟ بۆ ئەویش تەنیا چارەگێك بەقەد خۆشەویستی من سۆزم پێ ببەخشێ؟ کە هەرگیز مانای خۆشەویستی نازانێت! هەموو کاتێك هەست دەکەم سەرگەردانە، بەو هیوایەم هەمو کاتێکیش سەرگەردان بێت.

شەو نییە لە ژوورە تاریکەکەم کاتژمێرێك زیاتر نەگریێم، ئێستا هەست بە نەخۆشی دەروونی دەکەم، لەگەڵ ماڵەوە و کەسەکانی دووروبەرم زۆر زوو هەڵدەچم، تەنها ئەو کات هەست بە ئارامی دەکەم کە لە باوەشی ئەودام، تەنیا بە دیتنی ئەو خۆشحاڵ دەبم، چەند ڕۆژێك وا ڕێککەوتووە، کە من‌و ئەو و چەند هاوڕێیەك لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەگەڵ یەك بین، بێ ئەوەی دەستی بگاتە هیچ شوێنێکم، بەلاّم وام زانیوە هەموو دونیا هی منەو بەختەوەرترین کەسی سەر ئەم زەمینەم. من وا هەست دەکەم ڕۆژێك دادێت ئەو عەشقە بمسووتێنێت، ئەوەیان کەی دەبێ، نازانم!! من ئەڵێم ئەگەر ئەمە عەشق بێت واتە عەشق ئەوپەڕی شێت بوونە، دەنا چۆن عەشق هات پیشانی دام خۆشم بوێت، ئاواش با پێم بڵێت چۆن لە یادی بکەم! تا هێوربم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێم، ئەوەندە ماوە بڵێم ئەگەر نووسەر بام لە هەموو لاپەڕەکانم دەنووسی ئەوم (خۆش دەوێت)، بەلاّم من تەنیا (ژیلە)م، کە عاشقی ئەوم‌و دڵی بچووکم مەڵبەندی ئەوینی ئەوە، ئەگەر خاوەنی هەموو دڵی دونیاش بم، دڵنیام تەنیا ئەو پاشای عەرشیان دەبێت، تکایە چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە!!

**تێبینی..**

**ئەمە نامەی واقعیانەو راشکاوانەی کچێکی ئەم ولاّتەیە، هەوڵدەدەین لە ژمارەی داهاتووی (کۆوار) لە ڕێی پسپۆرانی هاوکارمان ولاّممان بۆ نامەکە هەبێت.**

# بازرگانییەك پێویستی بە پارە نییە

## لە دوبەی، ژنانی لەشفرۆشی ئێرانی گرانترین نرخیان هەیە

گلێنە عەبدوڵڵا

**دوبەی**، شارێکی خۆش و دڵگیرەو یەکێکە لە حەوت میرنشینەکەی وڵاتی (ئیمارات). ئەو شارە بەهۆی ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین پێشکەوتنی دیارو بەرچاوی بەخۆیەوە بینوە لە بوارەکانی بازرگانیو ئابووریو بیناسازیو بەهۆی ئەوەی کە پارەیەکی زۆر لەوێدا هەیەو باری ئەمنی ئەو وڵاتە ئارامە، بۆتە هۆی سەرنج راکێشانی سەرجەم گەلانی دونیا، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆرێك لە خەڵکانی دونیا روو لەو شارە بکەن.
بە پێی پێشبینی ژمارەی ئەو ئێرانیانەی کە لە دوبەی دادەنیشن بە (300000 – سێ سەد هەزار) کەس مەزەندە دەکرێن، زۆربەی ئەوانە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران هەڵاتوون بۆ ئەو شارە، بەڵام ئەوان بەو مەبەستە روویان کردبووە ئەو شارە تا لەوێوە بەرەو ئەمریکاو کەنداو و ئەوروپا کۆچ بکەن، نەك لەو شارە نیشتەجێ ببن. بەڵام ئەوان توانیان بەڵگەنامەی مانەوەیان (ئیقامە) بەدەست بێننو لە بواری بارزگانی دەستیان بەکارکرد. جالیەی ئێرانی لەدوای جالیەی هیندی بە دووەمین جالیە دادەنرێت لە دوبەی لە رووی ژمارەوە، بەپێی کەشو هەوای کۆمەڵایەتی ئیمارات، کە زۆرتر لێبوردەیی هەیە بەرامبەر بە ئافرەت لەچاو دەوڵەتەکانی تری کەنداو، بەو هۆیەوە بازرگانیکردنی سێکسی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیو بووە دیاردەیەکی گەورە لەنێو نەوەکانی جالیەی ئێرانی. زۆر بەکەمیش ئەو دیاردەیە لەنێو دەزگاکانی راگەیاندنی دوبەی باسی لێوەدەکرێت، زۆریش پێویستە گفتوگۆیەکی چڕو پڕی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەیە پەیوەندیی قووڵی بە کایەکانی تری کۆمەڵگاوە هەیە، وەك بواری ئەمنیو نەبوونی دیمەنەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە ژیانی گشتیو بەهۆی ئەوەی کە ئەم شارە یەکێکە لە شارە هەرە دەوڵەمەندەکانی دونیا، کە بە پلەی پێنجەم دێت لەسەر ئاستی جیهانی، جگە لەوەی هەلی زۆری هەیە بۆ شووشتنەوەی پارە، کە ئەمانەش هۆکاری بەرەو پێشەوەچوونی بازرگانیکردنی سێکسیین.
رۆژنامەی (ئیران ئەمروز) پێیوایە هۆکاری سەرەکی پاڵنەر بۆ ئافرەتانی ئێرانی بۆ ئەنجام دانی لەشفرۆشی لە دوبەی دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووریو گرانی ژنە ئێرانیەکان لەناو ئێران داو ئەو هەموو کۆتو بەندە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر ئافرەت هەن، چ لەناو کۆمەڵگا یاخود لەناو ماڵو خێزانەکانیان، زۆربەی ئەوانەی کە بەو کارە هەڵدەستن بۆ بەدەستخستنی هەلی کار چوونەتە دوبەی. بەناچاری ئەو کارە بۆتە پیشەیان، بەهۆی نەتوانینیان لە بەدەسختنی هەلی کار لە بوارەکانی تر. ئەو رۆژنامەیەش پەنجە بۆ دەیان لێکۆڵینەوە دەکێشێت، کە لە میدیای ئێرانی بڵاوبوونەتەوە، باس لە هەبوونی کۆمەڵە تۆڕێکی رێکخراو دەکەن، کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی ژنە ئێرانیەکان بۆ دوبەی، بەبیانوی بەدەستخستنی کار بۆیان، هەر ئەوان حەزی چوونە دوبەی لەلای کچە ئێرانیەکان دروست دەکەن بە وەسف کردنی ژیانی ئەوێ بە بەهەشت، کە بۆ هەمووان وەك یەکە.
زۆر زەحمەتە بتوانرێت ژمارەیەکی باوەڕپێکراو لەو ئێرانیانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن ئاماژەی پێبدرێت لە دوبەی، بەڵام ژمارەکە بە چوار هەزار لەشفرۆش مەزەندە دەکرێت، دەزگا رەسمیە ئێرانیەکانیش لەلای خۆیانەوە ئەو ژمارەیە رەتدەکەنەوەو ئەوان بەدەیانیان مەزەندە دەکەن. هەروەها زۆربەی ئێرانیەکانی دانیشتووی دوبەی ئەو ژمارەیە رەتدەکەنەوە بەهۆی رۆشنبیری دینیی ئەوانو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان، بەتایبەت کە رۆشنبیرییەکی پیاوسالاری لای ئەوان هەیە، کە ئازادی ژن قبووڵ ناکات لە ئازادی بەکارهێنانی لەشو لاری، ئیحسان کۆدرزی دەڵێت"لە مەلهاکانی دوبەی سەدان کچە ئێرانی دەبینین لەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن، کاتێك





باسی ئەو بابەتە لەگەڵ هاوڕێیەکانم دەکەن هەوڵی کەمکردنەوە لەو بابەتە دەدەین و زۆرجاران بەیەکتری دەڵێین کە ئەوان ئەفغانین یان خەڵکی وڵاتێکی ترن، لە راستیشدا ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین، لەبەرئەوەی ئەو رۆشنبیریە پیاوسالاریەی کە لەناخی ئێمەدا هەیە، کە بارگاویە بە غیرەو شەرەف، ئەوانەش دەبنە هۆی خوێن گەرمبوونمان لەنێو لەشماندا بەهۆی بوونی کچە ئێرانیەك لەباوەش کەسێکی بێگانە، هەر ئەو هۆکارانەش رێگری دەکەن لە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی، ئەوەی سەیرە لەلام، ئێمەی گەنجان بەردەوام هەوڵی لەباوەش گرتنی کچە جوانکیلەکانی وڵاتانی تر دەدەین، کەچی رازی نابین کچە ئێرانیەکانی مشتەری چاکیان لەدوبەی دەست بکەوێت، کەچی لە ئێراندا پێمان ئاساییە". لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی (عەلی ئەکبەر مەهدی)، پێی وایە دیدگای ئێرانییەکان بە هەبوونی کۆمەڵە کچێکی ئێرانی، کە کار بکەن لە بازرگانی سێکسی، پەیوەندی هەیە لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی، کۆمەڵێك لە ئێرانییەکان گلەیی ئەوە دەکەن ((داگیرکردنی ژنانەکانمان لەلایەن عەرەب)) و ئەوان بەو شێوەیە خۆیان لە گێلی دەدەن بە هەبوونی ئەو دیارەدیە لەنێو ئێرانیش، مەهدی ئاماژەی بەوەشدا"ئەو دیاردەیە کایەیەکی سیاسیی وەرگرتووە، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەوڵی گەورەکردنی ژمارەی لەشفرۆشە ئێرانیەکان دەدات لە دوبەی، ئەوەشیان بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئێرانیەکان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین لە ناوەوەی وڵاتو شکستهێنانی حکومەتی ئێرانی لە پڕۆژە ئابووریەکانو سیاسەتە رۆشنبیریەکانی، ئەوانەی رێگە دەگرن لە مافەکانی ژنو وایلێدەکات کاردانەوەی هەڵەی هەبێت، ئۆپۆزسیۆن تەرکیز دەکاتە سەر ئەو یاسایانەی کە بەبنبەست گەیشتوون لە پاراستنی شەرەفو नاموسی نیشتمان، کۆمەڵێکی تر پێیان وایە موحافیزکارەکانیش هەوڵی گەورەکردنی ئەو ژمارەیەیان داوە لە پێناو ئیدانەکردنی ئەو بیرۆکە لیبرالیەی (محەمەد خاتەمی) سەرۆکی پێشوو گرتبوویە بەر".

لێکۆڵەر ئەوەشی لەبیر نەچووە، کە ئاماژە بە ئەقلیەتی نێرسالاری بدات لە بەرامبەر هەڵسەنگاندنی پیاوی ئێرانی بۆ ژنەکانی دەوروبەریان، کە ئەوەیان بەسە هاوڵاتیەك کچێکی ئێرانی نا موحەجەبە ببینێت، کە قۆڵی لەنێو قۆڵی پیاوێکی بێگانەیە، تا تاوانباری بکات بە (لەشفرۆشی)، بە چاوێکی تر پیاوی ئێرانی دەیەوێت ئەو پاشخانە کۆنەپەرستییە لە خۆی داماڵێت بە ناوی دروشمی نیشتمانی.

## فریشتەی پیس

لە یەکێك لە راپۆرتەکانی سایتی (عارف نیوز)ی هەواڵیی. کە نزیکە لە باڵی راستڕەوی ئێرانی، باس لە بازرگانیکردن بە ژنە ئێرانیەکان دەکات لە ئیمارەتە عەرەبیە یەکگرتووەکان، کە پیاوانی عارەب پارەیەکی زۆر دەخەنە باخەڵی ژنە ئێرانیەکان، چونکە رابواردنیان لەگەڵ ئەوان پێخۆشترە تا لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکانی وڵاتانی تر، بەتاییبەت ئەگەر لە ژێر تەمەنی 20 ساڵی بێت.

(ئاژانسی هەواڵی نیشتمانی)یش، یەکەمین میدیا بوو کە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بازرگانیکردن بە کچە ئێرانیەکان لە ئیمارات کردبوو، لێکۆڵینەوەکەشی لەژێر ناوی (فریشتەی پیس) بوو، کە شێوەی لێکۆڵینەوەکە وەك بوڕکانێك بوو بۆ ئێرانیەکان، پاشان دەسەڵاتی یاسایی دەستگیرکردنی ئەندامانی سێ لە گرووپەکانی بردنی کچانی ئێرانی راگەیاند، بەردەوامیش لێکۆڵینەوە لە رۆژنامەکانو هەفتەنامەو مانگنامەیەکانی ئێران لەسەر ئەم بابەتە درێژەی کێشا، ئەم لێکۆڵینەوانەش نەوەستان، تاوەکو سەرۆکی لێژنەی لەناوبردنی فەسادی کۆمەڵایەتی چەند لێدوانێکی نەدا، کە ئەو وای دانا قسەکردنو گەورەکردنی ئەو بابەتە دەستێکی دەرەکی لە پشتە بۆ شێواندنی وێنەی کۆمەڵگای ئێرانی.

(ناهید فەخر)ی، کچە قوتابی زانکۆی تاران، پێی وایە ئەوکچانە بە ئیرادەی خۆیان کۆچ بۆ دوبەی دەکەن بۆ کاری لەشفرۆشی و باندەکانی بردنی کچان هیچ گرنگییەك بە بردنی ئەوان بۆ دوبەی نادەن، چونکە باندەکانی بازرگانیکردنی سێکسی لە کەنارەکانی ئەوبەری دەریاوە چاوەڕوانی فریشتە پیسەکە دەکەن، کە 80٪ قازانجەکەی بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن، زۆرێك لەو فریشتە پیسانە دەناسمو لە یەکیانم پرسی دوای گەڕانەوەی لە دوبەی لە بارەی کاری ئەویٚ، بە زەردەخەنەوە وەڵامی دامەوە، ((ئەو بازرگانییە پێویستی بە دەستمایە نییە)).

*لە ئینتەرنێتەوە.



# گرفتی من..

**لە بەر** ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە لە کێشە و ئاستەنگ و دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفت و ئاریشە کۆمەلآیەتییەکان لە زۆر لاوە رووبەڕووی خێزانی کوردی بوونەتەوە، بەتایبەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی منداڵ وگەنج و ژنان و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، ( گۆوار ) بەچاکی زانی دوو لە لاپەڕەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵدەدەین لە ڕێی پسپۆرانی پەیوەندار بە پرسە کۆمەلآیەتییەکان و سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت پرسیارەکان وەلآمی پێویستیان هەبێت.

سروە کەریم مستەفا

*من کچێکم لە کۆتاییەکانی بیست ساڵی، بۆ ماوەی چەند رۆژێك چوومە ماڵی خزمێکمان لەسەر سنوور، لەوێ پیاوێکم ناسی (13 ساڵ لەمن گەورەتر بوو، داوای گۆڕینەوەی ئەڵقەی لێکردم، سەرەتا بەهۆی گەورەتربوونی لەمن رازی نەبووم، بەلآم دواتر باوکم مۆڵەتی پێدام، کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی پتر بیناسم، باوکم بە تەواوی رازی بوو، دەیگوت (من پرسیومە، پیاوێکی باشە).پاش پرسیارێکی زۆر، پوورم رازی نەبوو، دەیگوت پیاوێکی سەرەڕۆیەو لە دواڕۆژدا ناتوانیت ژیانێکی جوان پێکبهێنن. دواتر باوکیشم هەر وای گوت، چونکە ئەو لە شارێکی دیکە ژیان بسەر دەبات، جگە لەوەش باوکم مەرجێکی بۆ دانا، کە خانووەکەم بەناو بکات، کەچی ئەو هەر رازی بوو. گرفتی من ئەوەیە هەرچەند لەگەڵ ئەو پیاوە قسەدەکەم، هەست دەکەم پیاوێکی باشەو هی ئەوەیە ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵ پێکبهێنم، بەلآم باوکم زیاتر بە گوێی پوورەکەم دەکات، لەگەڵ ئەوەش دەڵێت ئەو پیاوە، پیاوێکی نا دەوڵەمەندەو ئەگەر ئێستا نەختێکی زۆری لێوەرنەگریت ئەوا لە دەستمان ئەچێت، کەچی پیاوەکە بەوەش رازیە.

لێرە گرفتی باوکمە، پیاوێکی ڕاڕاو توندە، ماوەیەکە لەگەڵ دایکم لە دوو ژووری جیاواز دەخەون، هەمیشە بەشەق و توندڕەوی مامەڵە لەگەڵ براکانم دەکات و زیاتر لە ساڵێکیش دەبێت لە ماڵەوە نان ناخوات، دواجار سەربەستی کردووم لەوەی کە دەمەوێ یان نا، بەلآم گرفتەکە لەوەدایە تا دوا ئەندازە بریندارم دەکات و هەمیشە پێم دەڵێت تۆ لەگەڵ ئەو کوڕە بە تەلەفۆن قسە دەکەیت (لە کاتێکدا خۆی ئەو دەرگایەی بۆمن کردەوە). ئێستا زۆر لە دڵەڕاوکێیەتی دام، لەلایەك لەگەڵ توندڕەوی باوکم و لەلایەکی دیکەش لەگەڵ نەتوانین بۆ بڕیاردان، جگە لەمەش تاکە خاڵی جیاوازیم لەگەڵ ئەو (کوڕە) ئەوەیە کە 13 ساڵ لەمن گەورەترە و



ئەترسم نەتوانین هەم لەلایەنی کۆمەلآیەتی، هەم لەلایەنی سێکسی بێ گرفت بین، لە کاتێکدا لەوەش ئەترسم کە باوکم لە کاتی بڕیاردانی من بکەوێتە لاساریەوە، ئەگینا هەست ئەکەم ئەو (کوڕە) کوڕێکی تێگەیشتوو و ڕێك و پێکە.

– لە قسەکانت پێدەچێ پوورت خاوەن دسەلآتێکی گەورەبێت بەسەر باوکت، یانیش رەنگە راست بێت ئەو کوڕەی هاتۆتە خوازبێنیت، پیاوێکی شیاو نەبێت، بەلآم کاتێك دەڵێیت باوکم بەو چەشنە توندە بەسەر خێزان رەفتار دەکات، ئەوا پێدەچێ جۆرێك لە بێ بەرنامەیی لە ئارادا بێت.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە خێزانەکان بارگرانییەکی زۆر دەخەنە سەر زاوا، بۆ ئەوەی بووکەکە بپارێزیّ و لەدواڕۆژ لێی جیا نەبێتەوە، جیابوونەوەی باوکت لە دایکت، لە سایکۆژیەتی باوکت تا رادەیەك بێمتمانەیی چاندووە، بەهەر حاڵ ئەوە ڕێگایەکی ترسناکە، چونکە کچەکە دەفرۆشن، نەك بە شووی دەدەن. رەنگە ئەوەی پەیوندی بە خێزانتانەوە هەبێت، زیاتر تۆ لێی تێبگەیت (هەروەك چۆن نامەکەت لە سەرەتا سەبارەت بە خێزانەکەت و باوکت، کەمێك سۆزی تێدایە).ئەوەش پەیوەندی بەو کوڕە هەیە کە 13 ساڵ لە تۆ گەورەترە، رەنگە ئەو جیاوازییە لە رووی فکری و کۆمەلآیەتی جیاوازییەکی دیاربێت، بەلآم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناتوانێت لەدوارۆژدا پەیوەندییەکی جوانی خێزانی دروست بکات. هەروەك چۆن تۆش دڵنیایت کە کوڕێکی باشەو لە میانەی ئەو هەموو قسەکردنەت لەگەڵ ئەودا تێگەیشتوویت.

ئەگەر ئەزانیت کوڕێکی باشەو قابیلی ئەوەیە قوربانی بۆ بدەیت و لە دواڕۆژ ژیانت لەگەڵی خۆش دەبێت، بێ دوودڵی بڕیار بدە، بەلآم وریابە ژیانی هاوسەریەتی قۆناغێکی نوێ و تا رادەیەك زەحمەتە.

سەبارەت بە کێشەی سێکسی کە لێی دەترسی لە دواڕۆژدا تووشی بیت، ئەوا تەمەنی ئەو هێندە گەورە نییە تووشی قەیرانی سێکسی بێت، بە تایبەت کە تۆ دەڵێیت من لە کۆتاییەکانی 20 ساڵیم و ئەویش 13 ساڵ گەورەترە، پێدەچی 30 و شتەك ساڵان بێت، پیاو کاتێك دەگاتە سەرووی 30 ساڵی ئەزانێت چۆن بڕیار دەدات، کاتێکیش باوکت دەڵێت ئەو پیاوە لە دواڕۆژ بێکار دەمێنێتەوە، ئەوە نان و تەمەن و ژیان بەدەست خودایە نەك مرۆڤ. بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ خاڵەکانت یان برایەکانت، یان کەسانێك کە دەزانی لێتەوە نزیکن و یارمەتیت دەدەن، باس لەو گرفتەی خۆت بکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات. لەدواجاریش تاکە ئامۆژگاریت لێدەکەین، ئەگەر بڕیارتدا شووی پێبکەیت، وریابە لەدوای شووکردنت زۆر نەیەتەوە ماڵی باوکت، با ئەو توندڕەویەی باوکت بەرامبەر بە ماڵەوە نەبینێت، چونکە ترسی ئەوە هەیە لە دواڕۆژ لەگەڵت خراپ بێت. دوعاتان بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی دڵی باوکت



نەرم بێت و تۆش بتوانی بڕیارێکی تەندروست بدەیت.

*گرفتی من ئەوەیە مێردەکەم تا دوائەندازە خۆش دەوێت، خۆشەویستییەك تا رادەی شێتانە، هەرچەندە ئەو تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك لە داواکاریەکانم دڵی نەشکاندووم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەو هەستە جوان و خۆشەویستییەم پێ نابەخشێ، ئەمە وێڕای ئەوەی کە من ئەو هەموو خۆشەویستییە گەورەیەی خۆمم داوەتێ و هەمیشە سۆزی پێدەبەخشم. بڕوام پێ بکەن ئەو خۆشەویستییە لە پێناو منداڵەکانم نییە، بەڵکو لە پێناو ئەوە کە زۆرم خۆش دەوێت. چارەسەر لێرە چییە؟ بەڕای من پیاوێکی ئەنانیەو توانای ژیانی هاوسەریەتی نییە، بەو واتایەی کە ئەو ئارەزوو دەکات بە تەنیا بژی، شەوان تا درەنگانێ خەریکی چات کردنە لەسەر ئینتەرنێت، جگە لەمەش لەگەڵ برادەرەکانی بەردەوام دەچێتە دەرێ و هیچ گرنگیەك بە من و منداڵەکان نادات. لەگەڵ ئەوەش کاتێك پێی دەڵێم هەست بە تەنیایی دەکەم، گرنگیم پێنادات، زۆر جاریش کە خەریکی چات کردن دەبێت، دەچمە لای و سۆزی پێدەبەخشم، کەچی ئەو پێم دەڵێت (ئۆکەی، شەوت شاد) و پشتم تێدەکات. لێرەوە دەپرسم، چارەسەری چییە، لە کاتێکدا ئەوا بۆ 15 ساڵە لەگەڵ ئەو پیاوە ژیانی هاوسەریەتیم پێکهێناوەو بەردەوام هەموو سۆزێکی خۆشەویستم پێ بەخشیوە؟ هەست دەکەم چیتر بەرگەی ئەو بێ بایەخییەی ناگرم!..

-دەگێڕنەوە دەڵێن، پادشایەك کچێکی تاقانەی هەبوو، هەموو شتێکی بۆ فەراهەم کردبوو، لەنێو کۆشکێکی بەرز ژیانی بەسەر دەبرد و باوکی زۆری خۆش دەویست، لە خۆشەویستییان بەکچەکەی دەگوت (یاسەمین).. پاش ئەوەی کچەکە گەورە دەکات و هەموو داواکاریەکانی بۆ جێ بەجێدەکات، لە وڵاتێکی دیکە کوڕە پادشایەك دێتە خوازبێنی و شووی پێدەکات، بەهەمان شێوە کوڕی پادشا بەوپەڕی رێزەوە لەگەڵی دەژی و لە کۆشکێکی بەرزترو خۆشتر ژیان دەگوزەرێنێت، ساڵ دێ و ساڵ دەڕوا، شەوێك کچەکە خۆی دەڕازێنێتەوەو دەچێتە لای کوڕە پادشای هاوسەری و دەست دەخاتە باوەشی و لێی دەپرسێ ((جوان سەیرم بکە، ئەگەر لەگەڵ عەترێك بەراوردم بکەیت لەکام عەتر دەچم) کوڕە پادشا پێی دەڵێت ((لەگەڵ عەتر، لە هیچ عەترێك ناچیت، بەڵام لە گوڵ دەچیت))، کاتێك کچە پادشا دەزانێ کە وەك باوکی پێی نالێت ((گوڵی یاسەمین)) ئەوا دەبوورێتەوە.

رەنگە ئەو نموونەیە لە چیرۆکی تۆ نەچێت، بەڵام کاتێك دەرگای لێدەکەیتەوەو بەسادەییەوە پێی دەڵێت واز لە چاتکردن بێنەو بایەخم پێبدە، بێگومان ئەو هەرگیز نایەت.

من پیرۆزبایت لێدەکەم کە ئەو هەموو خۆشەویستیەی پێدەبەخشیت، بەڵام لە قسەکانت پێدەچێ کە داگیرکراوە و ئارەزووی ئازادی دەکات، چونکە زۆرجار زۆر خۆشەویست دان و داگیرکردن، پیاو دەخنکێنێت، هەوڵ بدە زیاتر ئازادی پێبدەیت.

بەرای من و هێندەی توانیبێتم لە نامەکەت بگەم، هۆکارەکەی ئەو سۆزە بێ سنوورەی تۆیە بەرامبەر بە مێردەکەت، پێدەچێ ئەو هێندەی تۆ عاتفی نەبێت. کاتێکیش دەڵێیت (دڵی نەشکاندووم) کەواتە ئەو ناتوانێت بە تەنها وەك تۆ رۆمانسی بێت، ئەمەش راست دەکەیت کێشەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە خیانەت ناکات. بۆیەش واچاکە یارمەتی بدەیت لەوەی کە قسەت بۆ بکاو بزانە بەچی سەرقاڵە؟ بۆ ئارەزووی چات دەکات؟ بۆ تا درەنگانێ لەگەڵ برادەران دەچێتە دەرێ؟ چونکە هەروەك چۆن کەمی خۆشەویستیدان، پیاو ناچار دەکات لەبەردەم خێزان بێ بایەخ بێت، ئاواش زۆر سۆزدان و داگیرکردن و زیادەڕۆیی کردن لە سۆز، کێشە دەنێتەوە، چونکە هەموو زیادەڕۆییەك مەترسی دارە.

واچاکە لەگەڵی بدوێیت و لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانی بیت و هەستی بدەیتێ و بزانیت تۆ شانازی پێوە دەکەیت، ژیانی پاش هاوسەریەتی پێویستی بە قسەکردن و تێگەیشتنە، پیاو پێویستی بە هاریکاری کردنە، بەتایبەت دوای 15 ساڵ هاوسەریەتی، با سۆزو خۆشەویستی و رێز زۆر بێت، بەڵام ئەو شتانە بێ یارمەتیدان و لێك تێگەیشتن و شانازی کردن کارێکی قورسە. من دڵنیام ئاخافتن و لە نزیکەوە دیالۆگ کردن و یارمەتیدانی مێردەکەت، هەروەها کەمتر داگیرکردنی لە کارەکانی خۆت، پتر یارمەتی دەرە، کە بگەڕێیتەوە دۆخی جارانی و ئەو گرێ دەروونیەی کە هەیەتی لە بەردەم بایەخ نەدانی بە تۆ، بۆی بکەیتەوەو تا ئەویش گرنگی زۆرتان پێ بدات، هیواشمان بۆتان هەر ئەوەیە.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

بۆ ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سێکس و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوە و ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێک ڕاوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

*من ئافرەتێکی گەنجو خاوەن دەستگیرانم، ماوەیەک بەر لە ئێستا دەستگیرانەکەم هاتە لاموو کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دام، بەڵام پەردەی کچێتیم لە دەست نەدا، کەچی هەندێک دڵۆپی (مەنی) ئەو بەسەر دەزگای سێکسیم دا ڕژا، ڕاستەوخۆ چووم بەئاو شووشتم، ئایا مەترسی سکپڕی لێدەکەوێتەوە؟ ئایا مەترسیەکەی چەندە؟

– ئێمە کاتێک وەڵامتان دەدەینەوە، هەوڵ دەدەین تەواو لەگەڵ زانست بگونجێ، بۆیەش نامانەوێ درۆتان لەگەڵ بکەین یان چەواشەتان بکەین، ئیدی ئەوەی تۆ باسی دەکەیت بە ڕاستی مەترسی سکپڕی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی پەردەشت لە دەست نەدابێت.

*دوو مانگ دەبێت شووم کردووە و تەمەنم (24) ساڵانە، کێشەی من ئەوەیە کە سووڕی خوێنم دواکەوتووە ڕێکخراو نییە، ئایا دواکەوتنی سووڕی خوێن پەیوەندی بە سکپڕی هەیە؟

– بە دڵنیاییەوە، دواکەوتنی سووڕی خوێن پەیوەندی بە سکپڕییەوە هەیە، ئەمەش زۆرجار پاش (40-45) ڕۆژ دوای دواکەوتنی سووڕی خوێن دیاردەبێت.

*من گەنجێکی تەمەن (20) ساڵانەم، تا ئێستا موو و ڕیش و سمێڵم بەدیار نەکەوتووە، بۆیەش رووخسارم لە منداڵ دەچێت، زۆرێك لە خەڵکیی بە تایبەتی منداڵان دەپرسن، کە ئایا کوڕم یان کچ؟ بۆ زانیاری زیاتریش من خووی نهێنی ئەنجام دەدەمو هەست دەکەم کرداری سێکسیم لاواز نییەو تا ڕادەیەك زۆر باشە، ئایا نەخۆشیەکەم چییەو چارەسەری چییە؟

– ئەکرێت تا ڕاددەیەك ئاسایی بێت، ئەمەش پەیوەندی بە ڕێژەی هۆرمۆنی (ئەلتستوسلیترون)ەوە هەیە لە خوێن.

*بۆ ماوەی یەك مانگ دەبێت، کە ژیانی هاوسەریەتیم پێك هێناوە، ئەگەرچی شەوی یەکەم نەمتوانی بەزاوا ببم، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەم تووشی ترسێکی زۆر ببوو، هەروەها (( وەك ئەوەی دواتر وتی)) دایکی ترساندبووی، بۆ شەوی دووەمیش بەهەمان شێوە، بەڵام لە شەوی سێیەم هەستم بە کەمێك ئاوی زەردو لینجاوی کرد، لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر کەمی خوێن، وام هەست کرد بەزاوابووم، ئێستاش کە مانگێك تێپەڕیوە، وێڕایی ئەوەی کرداری سێکسی و جووت بوون ئەنجام دەدەین، بەڵام گومانم هەیە لەوەی کە بەزاوا بووم؟

– هەندێك پەردەی ئافرەت هەن، بە تەنها لەکاتی نەمانی پەردەدا کەمێك لینجی زەرد فڕێ دەدەن، ئەمیان ڕاستەو لە ڕێژەیەکی ئافرەتان هەیە، واتە لە کاتی بەزاوابووندا خوێنێکی کەم دەبینرێت، یان هەر نابینرێت، جگە لە لینجێکی زەرد، ئەمەش ئاساییە، تۆش دەڵێیت بە ئاسانی کرداری جووت بوون ئەنجام دەدەین، وێڕایی ئەوەی هەستت بە خوێنێکی کەم کردووە، بۆیەش بە پێی ئەو لینجە زەردەو خوێنە کەمە و ئاسانی کرداری جووت بوون دڵنیابە کە بەزاوا بوویت.



# ئافرەت و تاوان

سۆزیار

**لێکۆڵینەوەیەکی** زانستی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و تاوانکارییەکان دەریخستووە، کە لە 47٪ی هۆکاری ئەوەی ئافرەتان تاوانێك دەکەن، بێبەشبوون لە سۆزو بێکارییە. ئەو توێژینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تاوانەکانی کوشتنی بە ئەنقەست بە پلەی یەکەم بە رێژەیی (33.6٪)دێت، کە ئافرەتان ئەنجامی دەدەن، هەر هەمان لێکۆڵینەوە ئاماژە بە هۆکارەکانی دیاردەکە دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هۆکارەکان هەمەچەشن و رێژەیین و کاریگەرییەکانیان دەگۆڕێ، بۆ نموونە هۆکاری تۆڵەسەندنەوە بە پلەی یەکەم و بە رێژەیی (30٪) دێت، بەدوای ئەویش ناکۆکی خێزانی لە (14.7٪)و پاڵنەری نامووس بە رێژەی لە (12٪)و سەروەت و سامان لە (10.5٪)و شاردنەوەی تاوانێکی دیکە لە (6.3٪)و ئاسانکاری بۆ تاوان لە (4.4٪)و بەرگریکردن لە خود (3.8٪)و غیرەکردن بە رێژەی لە (1.5٪)و (1.1٪) دێن.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکە زۆرینەی قوربانییەکانی تاوانی کوشتن، کە ئافرەتان ئەنجامی دەدەن لە (65٪) پیاو و لە (34.3٪) ئافرەتن و رێژەی لە (39.3٪)ش لەو ئافرەتە تاوانکارانە،



بێ کاری و بێ بەش بوون لە سۆز.. هۆکارێك بۆ تاوان

# لە کاتی سوڕی بێ نوێژیدا، ئافرەت لە خراپترین و ئاڵۆزترین باری دەروونیدایە و مەیلی زیاتری بۆ توندوتیژی هەیە

ئەوانەن کە پەیوەندی هاوسەرییان بە قوربانییەکانیانەوە هەیە، نیوەی ئەو ڕێژەیەش ئەوانەن، کە لە رقی ژنی دووەم تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە، دوای ئەوان کەسانی تری بێگانە دێن.

بە پێی دەرئەنجامەکانی لێتوێژینەوەکە، هۆکاری تاوانەکان بە دوو ئاراستەی هاوتەریب دەڕۆن، یەکێکیان هۆکارە ماددییەکانن، ئەویش بە حوکمی ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونانەی لە ئارادان، دووەمیشیان پەیوەندی بە هۆکاری ململانێکانی نێو خێزان خۆیەوە هەیە، ئەویش لەئەنجامی گەشەی پەیوەندی تاکە کەس و نا ئامادەگی یەکگرتن و تەبایی کۆمەڵایەتی.

هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە نێوان ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان بەسەر بواری دەروونی ئافرەت و ئەوانەش کە مەیلی ئەنجامدانی تاوانی لا دەوروژێنن، پەیوەندییەک هەیە، بە تایبەتی هۆکارەکانی کاتی (بێ نوێژی)، بە جۆرێک سەلمێنراوە کە لە (45٪)ی تاوانی ئافرەتان چەند ڕۆژێک بەر لە سووڕی مانگانە، یان لە کاتی سووڕەکەدا، یاخود بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە ئەنجام دراون، چونکە لەو کاتەدا ئافرەت لە خراپترین و ئاڵۆزترین باری دەروونیدایە و مەیلی زیاتری بۆ توندوتیژی هەیە.

دواجار لێکۆڵینەوەکە ئەوەش دەخاتە روو، کە ئافرەتە بکوژەکان بە ڕێژەی لە (48.6٪) لە تاونەکەیاندا پشت بە هاوکارێکی پیاو دەبەستن، هەروەها توێژینەوەکە هۆکاری کاریگەری زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانیشی بەدوور نەگرتووە لەم بوارەدا، لەوەی کە ئافرەت لە ڕێگەیانەوە بەهرەی کوشتن و هونەرەکانی فێر دەبێت.

دەمێنێتەوە بڵێین ئەو لێکۆڵینەوەیە لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و لەنێو جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دەوروبەرمان بەشێوەیەکی مەیدانی و زانستی و بە گوێرەی پێوەرە زانستییەکان ئەنجام دراوە، لەلایەن سەنتەرێکی ناوداری لێکۆڵینەوە کۆمەڵاتییەکان، کە بێگومان دوور و نزیک و کەم و زۆر دەتوانین وەك فاکتەری بەرگری و پاراستن و دوورخستنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادنانی پەیوەندییەکی تەندروست و مرۆیی و ژیاندۆستی کۆمەڵایەتییانە، لە نێو کۆمەڵگاکەمان لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرین.



# تەلاَق لە سێبەری کولتوردا

## بەسەرهاتی چەند ئافرەتێکی تەلاَقدراو

بیژەن



**شتێکی** سروشتییە کە مرۆڤ (نێر یان مێ) هاوسەرگیری ئەنجام بدات، بەلاَم لەوێدا پڕۆسەکە نا ئاسایی دەکەوێتەوە، کە لەماوەیەکی کەمی دوای هاوسەرگیری، پێش شەوی پەردە، یان چەند رۆژێك پێش ئەو ماوەیە، یاخود لە ساڵەکانی سەرەتایی، گرێبەندەکە هەڵبوەشێتەوە و هاوسەرەکان جیاببنەوە، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە ئەو جیابوونەوە زووەی هاوسەران ببێتە دیاردەیەك، کە بەهۆیەوە خێزان بکاتە یەکەیەکی لەرزۆك و کاریگەری خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا رەنگ بداتەوە، بە جۆرێك کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا لاوازو بێهێز بێت و نەتوانێ پارێزگاری لە ئەندامەکانی خۆی بکات و سروشتی پەیوەندییەکانی بپارێزێ.. ئەو بابەتەی لە بارەیەوە دەدوێین، کە لێکجابوونەوەی هاوسەرانە لە کاتێکی زوودا دیاردەیەکە خەریکە تا دێت لە کۆمەڵگا رۆژهەلاَتییەکان تەشەنە دەسەنێ، بێگومان ئەم دیاردەیەش کەم و زۆر، لێرە و لەوێ لە کوردستانیش هەستی پێدەکرێ، دیارە لە پشتی ئەم دیاردەیەشەوە هۆکارگەلی زۆر هەن.

بە هەرحاڵ، بە گوێرەی دوا راپرسی و لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە دەرکەوتووە، کە لە پەنجا ساڵی رابردوو رێژەی دیاردەکە لە زیادی داوە لە (7٪ بۆ 40٪) و رێژەی زۆریش لەوانە ئەوانەن، کە لە تەمەنێکی زوودا شوویان کردووە، بە تایبەتی لە تەمەنی نێوان (16 تاکو 30) ساڵیدا.

رەنگە ئەزموونی ئەو کچانەی لەو تەمەنەدا جیابوونەتەوە دەروازەیەکی گونجاوبێت، بۆ ناسینەوەی هۆکارەکانی پشتی دیاردەی زوو هاوسەرگیری بەستن و زووتر جیابوونەوە.. بۆیەش هەوڵم دا لەو بەدواداچوونەدا رای ئەوانە وەربگرم، کە زوو شوویان کردووە و زۆری نەبردووە جیابوونەتەوە، ئەوانیش راشکاوانە هۆکارەکانی جیابوونەوەی خۆیان باسکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە ئەوانەی دواندمن پرۆسەی هاوسەرگیریان لە سەر بنەمای جیاواز ئەنجامدابوو، کەچی دوا چارەسەرو ئەلتەرناتیف بۆ بەردەوامی خوێنبەربوونی هەستە مرۆییەکان گوللەی لێك جیابوونەوە و تەلاَق بووە، پرۆسەیەك رەنگە ئەگەر هۆکارەکانی لەبەرچاو نەگیرێن و لەبەر رۆشناییاندا چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە، تەقینەوەیەکی مەزنی کۆمەلاَیەتی و لەباریەك هەڵوەشانەوەی خێزان و بێسەرپەرشت بوونی منداڵی بێتاوان و تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییەکان و چەندین نەخۆشی تری کۆمەلاَیەتی لێ بکەوێتەوە.

یەکێك لەو خاوەن ئەزموونانە (س) گووتی (( بۆ راکردن لە دەست هەژاری و برسێتی و جەوری باوەژن، لە تەمەنی شانزە ساڵی شووم کرد، دوای ئەوەی دایکم کۆچی دوایی کردو باوکم ژنی دووەمی هێنایەوە و بەناوی کار و بازرگانی خۆی لەبەرپرسیارێتی سەرپەرشتی کردنی ئێمە شاردەوە.. بەرهەمی شووکردنەکەیشم دوو منداڵ بوون لە تەمەنی خونچەییدا، زۆری نەبرد ژیانم بەرە و تاڵی و نەهامەتی چوو، دوای ئەوەی پیاوەکەم خوی دایە قومار و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر، ئیدی جگە لەوەی بەوپەڕی توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، خۆشی لە بەخێوکردنی منداڵەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان دزیەوە، لە دانیشتنێکدا بۆ گفتوگۆو چارەسەرکردنی گرفتەکەمان و دەستگرتنی بۆ وازهێنان لەم کارە، زۆر خۆی هیلاك نەکرد و خێرا هەر سێ تەلاَقی فڕێدا و دەرگای چارەسەرییەکانی داخست، ئەمێستا بەو تەمەنە بەهارییەم، کە بیست و یەك ساڵەم بە تەلاَقدراوی و بەناچاری منداڵەکانیشم گرتۆتە باوەش)).

یەکێکی تر بە چاوێکی پڕ گریان کە (ف)ی ناو بوو، لەو پەڕی بێزاری و بێهودەییدا چیرۆکی تراژیدیای ژیانی هاوسەریەتی خۆیی بۆ گێڕامەوە، کە تەنها دوو مانگ بەسەر هاوسەرگیریان رەت ببوو ، گوتی ((زانکۆم تەواو کرد بۆ ئەوەی رێگای ژیانێکی کرداری سەرکەوتوو و ئاسۆیەکی گەش ببڕم، ئەوە بۆ من پەنجەرەیەك بوو، بۆ روانین بەسەر ئەو جیهانەی لەمێژ بوو خەونم پێوە دەدی، تاکو ببمە کاراکتەرێکی بەهێزو ئەکتیڤ

**خێزانە نەخوێندەوارەکەم، پێیان وابوو چارەنووسی کچ ماڵ و مێردەو ئیش‌و خوێندن شتێك بۆ ئەو ناکەن، ناچاریان کردم لەدەرەوەی ویستی خۆم شوو بکەم، بەمەش دوای دوو مانگ‌و لەبەر ئەوەی نەمتوانی لەگەڵی بەردەوام بم‌و لە کۆیلەیەك زیاتر سەیری نەدەکردم، داوای جیابوونەوەم لێکرد**

لەنێو کۆمەڵگادا، بەلاّم قەدەری خێزانە نەخوێندەوارەکەم، کە پێیان وابوو چارەنووسی کچ، ماڵ و مێردە و ئیش و خوێندن شتێك بۆ ئەو ناکەن، لە کوڕێك مارەیان کردم، کە پێیان وابوو باشە و دەتوانێ خێزان و ماڵ بەیەکەوە بنێ، ناچار و بێ دەسەلاّتی خۆم رووبەرووی ئەو چارەنووسە کرامەوە لەگەڵ کەسێك، کە بۆ هەموو شتێ باش بێت، بۆ هاوسەری نەدەشیا، دوای دوو مانگ‌و لەبەر ئەوەی نەمتوانی لەگەڵی بەردەوام بم و لە کۆیلەیەك زیاتر سەیری نەدەکردم، داوای جیابوونەوەم لێکرد، ئەویش زۆر بێ منەتانە، سێو دووی لێ نەکردو سێ بەردی خستە دەستم‌و تەلاّقی دام، تەنها لەبەرئەوەی پێم گوت کار و کاسبیەك بکات، تا وەك دوو هاوسەری خۆشبەخت بژین)).

ئەوەی تر (خ) لە هەژدە ساڵیەوە و باوکی بۆ تێرکردنی مەرامەکانی ژن بە ژنی پێدەکات و دەڵێ ((من تاقانەی باوك و تەمەن هەژدە سالاّن بووم، کە باوکم بۆ خۆمی بەژندام، دایك و براکانم دەسەلاّتیان بەسەردا نەدەشکا، تەنها بۆ تێرکردنی خۆی، کە ژنی چوارەمی بوو (یەکێکیشیان مردبوو) دوو برامی ناچارکرد ماڵ و نیشتمان جێ بهێڵن و سەریان هەڵبگرن لە تەمەنی هەرزەکاریدا، کە ئێستاش سۆراخیان نازانین.. لە پیاوێك مارەی کردم کە سێ تەمەنی منی هەبوو، بە نا بە دڵی گواستمیانەوە، ئەویش ژنێکی تری هەبوو، دوای زیندانیکردن لە ماڵەوە و تێهەڵدان و سوکایەتی پێکردن، پاش چوار ساڵ تەلاّقی دام و جگەرگۆشەکەشمی لە سۆزی دایکایەتی بێبەشکرد)).

ئەوانە نموونەی دەیان حاڵەت و ئەزموونی دیکەن، کە رەنگە هۆکار و پاڵنەرەکانیان هەمەچەشن بن، کە بە رۆڵی خۆیان ناچار بەر پرسیارمان دەکەن دەربارەی دیاردەی جیابوونەوە و تەلاّق.

بەلای خۆیەوە راوێژکارێکی پزیشکی دەروونی لە بارەی هۆکارەکانەوە دەڵێ ((هەژاری و نەخوێندەواری، هەندێ



جیابوونەوە.. بەرهەمی زوو شوو کردن



ئەو دەمەی منداڵان دەبنە قوربانی لێکهەڵوەشانەوەی خێزان

# ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانەو بە عاقڵی مامەڵە لەگەڵ ژیانی هاوسەرگیری نەکرێت، پرۆسەکە بە شکست کۆتایی دێ

جاریش نازکێشان و ڕەفاهیەت لەوانەیە ببنە هۆکاری ئەو جۆرە جیابوونەوانە، بەڵام هۆکاری سەرەکی نیین.. لەگەڵ ئەوەشدا زوو جیابوونەوە بەرهەمی زوو هاوسەرگیرییە، واتە ژن و مێرد لەوانەیە لە تەمەنێکی بچووکدابن و هێندە ئەزموونیان لە ژیاندا نەبێت، بە تایبەتیش کە گیانی بەرپرسیارێتی لای پیاو ون بوو، ئیدی ئەو گرفتانە روو دەدەن)).

هەروەها وتی ((زۆرجاریش فشارکردن و زۆرکردنە سەر کچ، کە بێ ویستی خۆی بە کەسێك رازی بێت، جۆرێك لە دڵەڕاوکێ لەلای دروست دەکات و بەسەرخۆیدا دادەخرێو ڕێگا چارەی تر شك نابات‌و ناچار رووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبێتەوە، کە ئەمەش ئاستی هوشیاری‌و رۆشنبیری خێزان، رۆڵ لە دروستکردنیدا دەگێڕن)).

بەلای خۆیشیەوە مامۆستایەکی دەروونناسی گوتی: ((بەشێویەکی گشتی ڕێژەی لێکجیابوونەوە لە زیادبووندایە، دیارترین هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیەش بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە، وەك نەگونجانی تەمەن و ئاستی هوشیاری، سەرنەکەوتن لە دەستنیشانکردنی کەسی بەرامبەر، خێرا بڕیاردان.. هتد، هەموو ئەوانە دواتر کەسەکە دووچاری شۆك دەکەن، ئەویش لەبەر پێك نەگونجانی سروشت و میزاج و ئارەزووەکانیان، بەمەش دابڕانێکی دەروونی لە نێوانیان دروست دەبێت و کۆتاییەکەی بە تەلاق دێت)).

هاوکات دەڵێ (( هەندێ هۆکاری بایۆلۆجیش رۆڵ لە دەرکەوتنی ئەو دیاردەیەدا دەبینن، چونکە هاوسەرگیری جگە لەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، هەروا سێکسیشە، لەبەرئەوەی سێکسیش چەشنی خواردن و خواردنەوە غەریزەو پێداویستی مرۆڤە، کاتێکیش لەم رووەوە نەگونجان روو دەدات، بەهۆیەوە بۆشایی دەکەوێتە نێو پەیوەندی هاوسەرەکان، ئەوەش بەلای خۆیەوە کەموکورتیەك دروست دەکات، هەر بۆشایی‌و کەموکورتیەکیش لە ژیانی هاوسەرگیریدا ئەگەر لەسەرخۆو زانستیانەو بە عەقڵ مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، پرۆسەکە بە شکست کۆتایی پێ دێ)).

وەکو تریش ئافرەتێکی کۆمەڵناس‌و شارەزای بواری پەروەردە وتی ((تەلاق زیاتر لەنێو چینە دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەکان روو دەدات، وەك لە نێو چینی ناوەڕاست و هەژار، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش کە ئەم دیاردەیە لەنێو چینە هەژارەکاندا کەمە، لەبەرئەوەیە کە هەمیشە کۆمەڵگا بە چاوێکی ناشیرین سەیری ئافرەتی تەلاقدراو دەکات، هەتا ئەگەر ئەو راستیش بێت‌و لەسەر رەوایی بێت، بۆیە تا پێی دەکرێ بەرگەی ئازارو سووکایەتیش دەگرێ، بەس بۆ ئەوەی نازناوی تەلاقدراوی پێوە نەلکێ، پیاوەکەی چینی هەژار و ناوەڕاستیش دونیایەك حسابات دەکات، بۆیە تا پێی دەکرێ، خۆی دەپارێزێ و لەولاش هەوڵی سەلماندنی پیاوەتی خۆی دەدات لە بەرامبەر ژنەکەیدا)).




# ماڵپەری دەزگای زاری کرمانجی

## کۆوار هەفتەنامە رادیۆ وتارو چاوپێکەوتن

